# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالی نۆهەم ژمارە (189) بەرواری 15–4–2025

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## ڕاگەیاندنی کۆنفرانسیی دامەزراندنی (ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان)...ل2





## وتەی ژمارە

## لە پەراوێزی گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێراندا؟

بەدوای دوبارە هاتنەوە سەرکاری ترەمپ بۆ کۆشکی سپی، جارێکی تر ململانێی نێوان ئەمریکاو ئیران بەشێوەیەکی توندتر لە پێشوو دەستی پێکردۆتەوە. ململانێی ئەم جارەی نێوان ئەمریکاو ئیران لە هاوسەنگیەکی تازە و لە دڵی هەلومەرجێکی جیاوازتر لە پێشوو هاتۆتەوە ئارا.

ترەمپ لە ژێر ناوی گێرانەوەی شکۆ و هەیبەت بۆ ئەمریکا، شکۆ و هەیبەتی بلۆکبەندی تازەی دنیای قبوڵ کردووە و بەکردەوە پێگەو جێگاو ڕێگای لەخوارتری ئەمریکای سەلماندووە. ئەمریکا ملی داوە بەو ڕاستیەی کە هەموو ئەو هەولانەی بەدوای شکستی بلۆکی شەرقەوە بۆ باڵادەستی تاقانەی خۆی لە ژێر ناوی " نەزمی نوێی دنیادا" خستیە گەر لە جەنگ و ملهورییەوە بەبن بەست گەیشتووە. بانگەشەکانی وەکو "کۆتاییهاتنی سەردەمی دیکاتۆرەکان"" سەردەمی ئاشتی و دیموکراسی" " مافی مرۆڤ"...



بەکردەوە بوونە بەشێکی تر لە درۆکانی بۆرژوازی لە ڕاستای سازدانی نەزمی نوێی دنیادا. ترمپ و دەوڵەتی ئەمریکا لە ئێستادا لەلایەکەوە لەگەڵ چەندین قوتبی جیهانی وەکو روسیاو چین، ئەوروپا، هیند و بەرەو ڕووە و لەلایەکی تریشەوە هەموو بانگەشەکانی پێشووی بە هەوادا چووە و ئەمجارە دەیەوێت لە ڕێگای گوشار و زۆر نواندن و جەنگی بازرگانی و ئابورییدا، ململانێکانی خۆی لەگەڵ بلۆکە جیهانی و جەمسەرە ناوچەیەکاندا، لە دۆخێکی تازەدا، بباتە پێشەوە.

ئێران وەکو جەمسەرێکی ناوچەیی و پشت بەستوو بە بلۆکبەندی روسیاو چین، یەکێکە لەو دەوڵەتانەی لە روداوەکانی دوو ساڵی رابردوودا، جیگەو ڕیگەی شل و شلۆق بووە. لەناوخۆییدا رووبەرووە لەگەڵ بزوتنەوەی روخاندنی دەسەڵاتەکەی و لە ئاستی ناوچەکەشدا گورزی گەورەی بەر کەوتووە. هیزە نیابەتیەکانی لە حەماس و حزب اللەوە تا دەگاتە حوسیەکان لاواز و شەتەک کراون. رژێمی سوریا کە پایەگایەکی تری ئێران و گۆرەپانێک لەدژی دەوڵەتی ئیسرائیل بووە، لەبەین چووە. لە عێراقدا گوشارەکانی بۆسەری زیادی کردووە هیزە قابیلی پشتیوانیەکەی" حەشدی شەعبی" کە لەسوپا و دەوڵەتی عێراق بەهێزترە، کەوتۆتە بەردەم چاوپیداخشاندنەوە و تەنانەت هەڵوەشاندنەوە. بەکورتی ئیران بەوێنەی هێزێکی ناوچەیی و هیزێک کە زیاتر لە ٤ دەهەیە لەدژی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا ئامادەیی هەیە و ململانێی ئەمریکا و جەمسەرەکانی ناوچەکە دەکات، پیگەی بەرەو لاوازی چووە. کێبەرکێی ئیستای ئەمریکا زۆتریش تاک لایەنە، لەم هەلومەرجە تازەیەدایە. ئەمریکا دەیەوێت لەو پێگەیەی ئیستای ئیران کەڵک وەربگرێت و مەرجەکانی خۆی یان بەشیک لە ویستەکانی خۆی بەسەردا بسەپێنێت.


بۆ لاپەڕە 2

## ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان پێکهات!



بەرواری١٢/٤/٢٠٢٥، ڕێکخراوەی سەربەخۆی ژنان، لەلایەن ژمارەیەک لە چالاکوان و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانەوە لە کۆنفرانسێکدا پێکهات. پێکهاتنی ئەم ڕێکخراوەیە دوای ماوەیەک لەکاری چڕ و پڕ و گفتوگۆ و ڕاگۆرینەوە لەنێوان هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەکەدا پێکهات.

بۆ لاپەڕە 3



## 27 ساڵ بەسەر تیرۆری هاوڕێیان شاپور عەبدولقادر و قابیل عادلدا تێپەڕی

بۆ لاپەڕە 3



## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- ئایا شەڕە بازرگانییەکان ئاماژەن بۆ کۆتاییهاتنی سەردەمی نیو لیبرالیزم...............ل4
- کابینەی دەیەم، هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ یان نوێکردنەوەی دابەشکردنی.......ل6
- ئیتاڵیا مەترسی لەسەر کچانی نەوەی دوووەم..........................................ل6
- لە ٣٧ هەمین ساڵیادی شاڵاوەکانی ئەنفالدا.........................................ل7
- ئاشی نەزان خوا ئەگێڕێ...............................................................ل9
- ئەلیف شەفیق....گەنجان گۆڕانکاریان دەوێت.........................................ل12


## دۆسیەی ژمارە "پەیامی عەبدوڵا ئۆجەلان و پرۆسەی ئاشتی و ڕێکەوتنی جۆلانی و مەزلوم عەبدی..."

بەڕێز حەسەن جودی وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...

ل10-11




کۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

پرسی رۆژ ل5

## درێژەی وتەی ژمارە

لەو دۆخەدا کە پێگەی ئیران بەرەو لاوازی چووەو تورکیا ئەگەر بەشێوەی کاتیش بێت، سودمەندی ئەم دۆخەیە و دەیەوێت جێگای ئیران لە ناوچەکەدا بگرێتەوە. دەوڵەتی ئیسرائیل وەکو دەوڵەتێک کە رۆڵی سەرەکی لە گۆرینی ئارایشی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا گێراوەو فاکتەری کارای لاوازکردنی ئیران و هێزە نیابەتیەکانی بووە، کۆسپێکی سەرەکی بەردەم تەماحەکانی دەوڵەتی تورکیایە، بۆ ئەم مەبەستە لەلایەکەوە دژی دەسەڵاتی تازەی ئیسلامی و عروبی لە سوریایەو لەلایەکی تریشەوە ریگە نادات دەوڵەتی تورکیا جێگای ئێران بگرێتەوە و هەژموونی لە ناوچەکەو رۆژهەڵاتی ناوەراستدا زیاد بکات، بەڵام سەرباری ئەوانە بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل سەرباری ئەو گورزانەی بەر پەیکەری دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی لەناوچەکە کەوتووە، هیشتا ئیران بەوێنەی دەولەتێکی مەترسیدار لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆی دەبینێت، بۆیە لەلایەکەوە هانی دەوڵەتی ترەمپ و ئەمریکا دەدات، لە دۆخی لاوازبوونی ئیستای ئیراندا، گوشارەکانی زۆرتر بکات و مەرجەکانی بەسەردا بسەپێنێت و لەلایەکی تریشەوە خۆی وەکو بەشیک و کاراکتەرێک لە پاڵ ئەمریکادا، هەرەشەکانی لەسەر ئێران بەردەوامە... چ بۆ ئیسرائیل و چ بۆ ئەمریکا مەسەلەی چەکی ئەتۆمی ئیران وەکو مەترسییە سەرەکییە، دەخرێتە ڕوو، لە کاتێکدا هێشتا مەسەلەی بناغەیی حزوری ئیران لە ناوچەکە و بەتایبەتی لە یەمەن و عێراق و دوبارە هەوڵەکانی بۆ ئارایشدانەوەی "بەرەی بەرگری" کە هۆکاری پێشووی باڵادەستی و دەروازەی دەستێوەردانی لە چەندین وڵاتان ناوچەکەدا بوو، مەترسییە سەرەکیەکەیە.

دەوڵەتی ئیران بە ئاسانی دەست لە بەرژەوەندیەکانی لە ئاستی ناوچەکە بەرنادات و ڕێگا نادات هێزگەلی تری ناوچەیی ببنە کاراکتەری سەرەکی و یەکلایی کەرەوە. تەنانەت ئەگەر لە ژێر گوشارەکانی ئەمریکادا، ئامادەی سازش و پاشەکشە لە پشتیوانی هیزە نیابەتیەکانی لە ناوچەکەشدا ببێت، بەڵام بەرگری لە پێگەی خۆی دەکات و پرسی چەکی ئەتۆمی و سازش لەسەر ئەو پرسە، بەمەبەستی کەڵک وەرگرتنە لە ئامادەییەکانی لەناوچەکەدا و مانەوەی وەکو جەمسەرێکی ناوچەیی. دیارە بۆ ئەمریکا و ئیسرائیلیش مانەوەی ئیران وەکو جەمسەرێکی ناوچەیی لەبەرامبەر بە دەوڵەتی تورکیادا، پرسێکی کراوەیە، بۆیە نایانەوێت گوشارەکانیان بۆسەر ئیران ئەو ئاستە ببەزێنێت، کە تورکیا جێگای ئیران لە ناوچەکەدا بگرێتەوە و جێگا خاڵییەکەی ئێستای پڕ بکاتەوە.

ململانێی یان گوشارەکانی ئەمریکا بۆسەر ئێران، ئامانجی دیاریکراوی تریشی هەیە... لەوانە سنورداركردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بلۆکی چین و روسیا و دەستسوک کردنی لەدۆخی سیاسی عێراقدا و کەم کردنەوەی کاریگەرییەکانیەتی.

دەوڵەتی ئێران، سەرباری هەر ڕێکەوتنێکی لەگەڵ ئەمریکا لەسەر پرسی ئەتۆمی و گۆرینی مامەڵەی لەگەڵ هێزە نیابەتی و ئەو وڵاتانەی تا ئیستا رۆڵی ئێران تیاییدا ئامادەیە، پێداگریی و درێژە دانە بە ململانێی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکاو بەرژەوەندییەکانیان. ململانێی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، بۆ ئیران بۆتە پێداویستی و خۆراکێکی مانەوەی دەسەڵات و هۆکارێکی سەرەکی راگرتنی پێگەکەی لە ئاستی ناوچەکەدا و تەنانەت هۆکارێک بۆ رووبەرووبوونەوەی لەگەڵ بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و پێشهاتە ناوخۆییەکانی.

ئەمریکا و ئیسرائیلیش، دەیانەوێت بەهەر نرخێک بووە، بەدوبارە دەستپیکردنەوەی گفتوگۆکان بێت یان گورزی سەربازی لەچەند ئامانجێکی دیاریکراو، ئێران لەو پێگەیە بهێنە خوارەوە و گرژییەکانیان لەگەڵیدا لە چوارچێوەیەکی پێناسەکراودا، ئابدەیت بکەنەوە. بەڵام چاوەروانی لەوەی پەیوەندی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران، بەتەواوەتی ئاساییی ببێتەوە یان جەنگ لەدژی ئیران دەست پێ بکات و پرسی روخاندنی ئەم رژێمە ببتە ئارا، چاوەروانیەکی نادروست و ناواقعییە.

دەوڵەتی ئەمریکا و ترەمپ، بەکردەوە گوشار و جەنگی ئابوری و بازرگانیان، لە دژی زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهان دەستپێکردووە، بەڵام هیچ کام لەم گوشار و جەنگە راگەیەنراوانە، پشت بەستوو بە فاکتی بیرلێکراوە نین و بەشی هەرەزۆریان تاکتیکی یانیش بە نەزۆکی خراونەتە ڕوو. هەر بۆیەشە هەڵبەز و دابەز و هەرەشە و پەشیمان بوونەوە، بۆنەتە تایبەتمەندی بریارە خێراکانی ترەمپ، ئەوە جیا لەوەی رووبەڕووی کاردانەوەی خێرای بەرامبەرەکانیان و تەنانەت هاوپەیمانەکانی پێشووی، بوونەتەوە. هەوڵ و گوشارەکانی ئیستای دەوڵەتی ترەمپیش بۆسەر ئێران، دەبێ لەو چوارچێوەی ویستی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ئاستی ناوچەکەدا، تەماشابکرێت، کە واوەتر لە بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیلە. بۆ ئیسرائیل هێشتا پرسی ئێران و کەم کردنەوەی زۆرتری توانایەکانی و لغاوکردنی، مەسەلەی میحوەرییە، لە کاتێکدا بۆ ئەمریکا پرسی ئیران گۆشەیەکی بچوکتر لە پرسی رۆژهەڵاتی ناوەراست و لە بناغەدا هەولێکە بۆ گێرانەوەی سەقامگیریی بۆ ئاستی ناوچەکە و ئارایشدانەوەی بە ئامانجی کەڵک لێوەرگرتنی لە قەڵەمرەوی ئابوری و دورخستنەوەی لە هاوپەیمانیەتی دوور مەودا و ستراتیجی لەگەڵ بلۆکی چین و روسیدا.

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

## ڕاگەیاندنی کۆنفرانسیی دامەزراندنی (ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان)

## بە دروشمی یەکسانی هەمە لایەنەی ژنان و پیاوان کۆنفرانسی ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان بەرێوەچوو...

ئەمرۆ ٢٠٢٥/٠٤/١٢بە ئامادەبوونی ئەندامانی (ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان) و زۆرینەی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرانی ڕێکخراو، کۆنفرانسی دامەزراندنیی بەسەرکەوتووی ئەنجامدرا. سەرەتا »شیرین ئەحمەد «لەدەستەی دامەزرێنەران، وتەی بەخێرهاتن و خولەکێك وەستان بۆ گیانی گیانبەختکردووانی خەباتی یەکسانیی و ڕێز بۆ هەموو ئەو ژنانەی کە بەناوی نامووس تیرۆرکراون، پێشکەش کرد. دواتر »بەهار موونزیر «لە دەستەی دامەزرێنەران وتەی کردنەوەی کۆنفرانسی پێشکەشکرد و باسی لە گرنگی دامەزراندنی (ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان) کرد، لەهەمان کاتدا داوای لە ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز کرد پەیوەستبن بە ڕێکخراوەو، هەر یەك لە هاوژین عەلائەدین، شیرین ئەحمەد، بەهار موونزیر بەشی یەکەمی کۆنفرانسیان بەڕیوەبرد. . »نەغەدە عوسمان «ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری (ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان)، پەیامی پیرۆزبای ڕێکخراو و تۆڕ و گرووپە جیاوازەکانی خویندەوە. پەیامی هەریەك لە (ڕێکخراوی ئەمان) لەلایەن »نادیە محموود «خوێندرایەوە، پەیامی کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاریی لەلایەن مامۆستا شنە علی-وە خوێندرایەوە، پەیامی سەنتەری منداڵانی کوردستان لەلایەن مامۆستا کامەران-ەوە خوێندرایەوە، پەیامی دەنگی کرێکار لە لایەن شاباز محمود-وە خوێندرایەوە.. نەغەدە عوسمان پەیامی فیدراسیۆنی پەنابەرانی ڕاگەیاند و ناوی هەموو ئەو ڕێکخراو تۆڕانەی خویندەوە کە لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان پەیامی پیرۆزبایان ناردبوو، لەبەر کەمی کات نەتوانرا هەموو پەیامەکان بخویندریتەوە بەڵام بڕیارە هەموو پەیامەکان لە پەیجی بەرەو یەکسانی بڵاوبکریتەوە.. . دواتر کۆنفرانس دەستی بەکارەکانی خۆی کرد.. گەشاو رەحیم، ڕاپۆرتی کارەکانی ڕێکخراوی پێشکەشکرد و، تێیدا باسی لە کارەکانی دامەزراندنی ریکخراو کرد. دواتر ئەو بەڵگەنامە و دەستووری کۆنفرانس و بەشێك لە پلاتفۆرمی ڕێکخراو لە لایەن »هاوژین عەلائەدین، شیرین ئەحمەد و بەهار موونزیر «ـەوە خوێندرایەوە. هەموو ئامادەبووان گفتووگۆیان لەسەر بەڵگەنامە و پلاتفۆرمەکە کرد و، تاوتوێی بابەتەکان کراو ڕاوبۆچوونی ئامادەبووان بەهەند وەرگیرا؛ بۆ هەمواری ئەو بابەتانەی بەزۆرینەی دەنگ دەنگی بۆ درا. لە بەشی دووهەمی کۆنفرانسدا، بڕیارنامەکان کە ئامادەکرابوون دەنگیان لەسەر درا، لەدوای گفتووگۆی ئەندامان هەمان کات ڕاوبۆچوونی میوانەکان وەرگیرا. هەریەکە لە: “سەوسەن سەلیم، گەشاو رەحیم، ڕوناك محمد”سەرپەرشتی بەڕێوبردنی کۆنفرانس یان کرد و بەشێکی کۆنفرانس تایبەت کرا بە پلانی کاری یەك ساڵ و ئەمەش بووە جێگەی گفتووگۆی ئامادەبووان. لە کۆتاییدا هەڵبژاردنی دەستەی نوێنەرایەتی هەلبژیردرا کە پێك هاتوون لە 17 ئەندام بۆ دەستەی نوینەرایەتی کە 14 ئەندام لە کوردستانن و 3 ئەندامیش لە دەرەوەی کوردستانن، شیاوی باسە لەم کۆنفرانسەدا 34 ئەندام و چەند میوانێك ئامادەبوون. شایەنی باسە ئەندامان لە شارو وڵاتی جیاوازەوە بەشداری کۆنفرانسیان کرد و بەسەرکەوتووی کۆنفرانس کۆتای پێهات. ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان سوپاسی هەموو ئەو ڕێکخراو، تۆڕ و سەنتەرانە دەکات بە پەیامی پیرۆزبای پشتیوانی خۆیان ڕاگەیاند..

**ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان ٢٠٢٥/٤/١٢ سلێمانی - هەرێمی کوردستان**

دەوڵەتی ئێران، سەرباری هەرڕێکەوتنێکی لەگەڵ ئەمریکا لەسەرپرسی ئەتۆمی و گۆرینی مامەڵەی لەگەڵ هێزە نیابەتی و ئەو وڵاتانەی تا ئێستا رۆڵی ئێران تیاییدا ئامادەیە، پێداگریی و درێژە دانە بە ململانێی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکاو بەرژەوەندییەکانیان. ململانێی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، بۆ ئێران بۆتە پێداویستی و خۆراکێکی مانەوەی دەسەڵات و هۆکارێکی سەرەکی راگرتنی پێگەکەی لە ئاستی ناوچەکەدا و پاساوێکە بۆ رووبەرووبوونەوەی لەگەڵ بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و پێشهاتە ناوخۆییەکانی....

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# درێژەی: ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان پێکهات!

پێکهاتنی ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان، لە هەلومەرجی ئێستای ژنانی کوردستان و ئەو هێرشە بەردەوامەی دەسەڵات و کۆنەپارێزان دەیکەنە سەر سەرەتاییترین ماف و داخوازییەکانی ژنان، هەنگاوێکی یەکجار گرنگ و چارەنووسازو وەرچەرخانێکی گەورەیە لە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و پیاوانی پێشکەوتنخوازدا.




بوونی ڕێکخراوەیەکی ژنان، کە ببێتە سەکۆی دەنگ هەڵبرینی ژنانی ناڕازی بەدژی ستەمی هەمەلایەنەی سەر ژنان لەمەیدانەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و یاسایی و کەلتورییدا، دەتوانێت ئاڵوگۆری زۆر بەرجەستە بەسودی ژنان و لەوەش زیاتر کۆمەڵگەدا بەدوای خۆیدا بهێنێت.

ستەم جیاکاری و بێمافی ژنانی کوردستان و خاڵی بوونی جێگای ڕێکخراوەیەکی مۆدێرن و ئازا و ئازاد و سەربەخۆی جەماوەری لە هەژموونی حزب و بزوتنەوە قەومپەست و دینی و دواکەوتوەکان، پایەی سەرەکی پێکهاتنی ئەو ڕێکخراوەیە.

زیاتر لە سێ دەهەیە، ژنانی کوردستان لە ژێر سایەی دەسەڵاتی حزبۆکراتی ناسیونالیستی کوردستاندا، گیرۆدەی سەخترین و ناهەموارین هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئابوری و کەلتورین. بەسەرچاوەگرتنی یاساکان و سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لەسەر بنەمای دین و مەزهەب، نەک هەر ژنانی لە مافە زۆر سادەو سەرەتاییەکانیان بێبەش کردووە، بەڵکو بەکردەوە کردونیەتی بە کۆیلەی پیاوسالاری و سەرچاوەیی بیمافی و ڕەوایەتی دان بەسوکایەتی و توندوتیژی و تیرۆری ژنان کە گۆرستانی بێناو نیشانی ژنان، بەڵگەی ئاشکرای تۆمەتباری لە یەخەی دەسەڵات دەدات. لە مەیدانی ئابوریدا جیاوازی لە موچە و پیشەو کار دەستکەوتن تا دەگاتە گیچەڵی سیکسی و هاش و هوشی مەلاکانی ژیر سایەی دەسەڵات و ئیسلامیەکان لە بە کەم سەیرکردنی ژنان و ناوبردنیان "ناقس و العقل" و کە نابێ کاری دەرەوە بکەن و لە قەڵەمرەوی بەرهەم هێناندا بەشدار بن، بەڵگەیەکی تری ئاشکرایە کە دەسەڵات تاسەر مۆخ دژە دژن و ئولفەتگرتوو بە کۆنەپەرستی و قاچی لە دواکەوتووی سەدەکانی ناوەراست دایە.  لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، سوکایەتی و بەچاوی نزم تەماشاکردنی ژنان و ژێر پێخستنی مافە زۆر سەرەتاییەکانیان لە مافە فەردیەکانەوە بۆ مافە مەدەنیەکان و دەستوەردان لە بچوکترین ژیانی شەخسی ژنان لە جل وبەرگ پۆشینەوە تا دەگات بە سەفەر و بەشداری لە وەرزش و کایەی هونەری و موسیقاو... گۆشەیەکی تری نەخوازراوی دۆخی ژنانە. ئیسلامیەکان و کەلتوری دواکەتوانە کە بەشێکە لە کەلتوری دەسەلاتیش بانگەشەی هەموو شتێک دەکەن کە ژن ئازادی نمایشی بکات، و بە حەرام تەماشای دەکەن و فتوای بۆ لەچوارچێوە دەگرن.

ئەم فەرهەنگە داڕزیووە کە  فەرهەنگی کەمایەتیەکی بۆ ماوەیی و بەسەرچوو و بەدەستەوە گیراو و پشتیوانی لێکراوی دەسەڵاتە، ڕووبەڕووە لەگەڵ فەرهەنگی مۆدێرن و ئازادیخوازانەی کۆمەڵگە، کە هەموو ڕۆژێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی وئابوری و وەرزشی و زانستی و هونەری و پەیوەندیەکاندا خۆی نمایش دەکات. جەنگی نێوان ئەم دوو فەرهەنگە، کە ڕیشەی لە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی جیاوازدایە، ڕاستییەکی حاشا لێ نەکراوی کۆمەڵگەی کوردستانە.

فەرهەنگی مۆدێرن و ئازادیخوازانەو یەکسانیخوازی کۆمەڵگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم و بێمافی سەر ژنان و دەسەڵاتی پارێزەریان ڕاستیەکی حاشا لێ نەکراوی کۆمەڵگەی کوردستان و خاوەنی مێژوویەکی دیاریکراوی ڕووبەڕووبوونەوەیە. ڕوبەڕووبونەوەیەکی کۆمەڵایەتی کە لەگەڵ یەکەم ڕۆژی هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و هاوبەشە ئیسلامیەکانیان، دەستی پێکردووە.

ڕێکخراوەی سەربەخۆی ژنان، سەر بەو کەلتور و فەرهەنگە ڕادیکاڵ و یەکسانیخوازەیە کە زیاتر لە سێ دەهەیە بەدژی ستەم و بێمافی و چەوساندنەوە و تیرۆری ژناندا، وەستاوەتەوە و بەشێکە لە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان لە ئاستی دنیادا.

پێکهاتنی ئەو ڕێکخراوەیە، بەو ناسنامە و بەو پەیامە یەکسانیخوازیەی هەڵگریەتی، نەک هەر جێگا ئومێدی ملیۆنەها ژن و پیاوی یەکسانیخوازە، بەڵکو بەکاری بەنەخشەو ریکخراو ئامانجدارانەی دەتوانێت، ڕۆلی زۆر کارا لە خزمەت بە مافەکانی ژناندا بگێرێت و شکۆی ئینسانی ژنان بگێرێتەوە و ببێتە مایەی پاشەکشەکردن بەو کەلتورە دارزیوەی زیان بە ژنان و کۆمەڵگە دەگەیەنێت. ئازادی هەر کۆمەڵگەیەک بە ئازادی ژن دەپێورێت... ڕێکخراوەی سەربەخۆی ژنان دەتوانێت کۆڵەکەو لایەنێکی کارای ئازادکردنی کۆمەڵگە بێت، بە ئازادکردنی ژنان لە ژێر هەژموونی پرتوکاوی کۆنەپەرستی و دەسەڵاتی پیاو سالاری بزوتنەوەی کوردایەتی. ئێمە لێرەوە وەکو بلاوکراوەی بۆپێشەوە، بەگەرمی پیرۆزبایی پیکهاتنی ئەو ڕێکخراوە لە دامەزرێنەران و هەموو هەڵسوراوان و سەرجەم ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز دەکەین و ئومێدەوارین لە ڕاستای جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی بۆخۆی داناوە سەرکەوتوبێت. ئێمەش لەهیچ پشتیوانیەک لەم ڕێکخراوە دریغی ناکەین.

**بۆپێشەوە**

**١٣/٤/٢٠٢٥**

# ٢٧ ساڵ بەسەر تیرۆری هاوڕییان شاپور عبدالقادر و قابیل عادلدا تێپەڕی!!

٢٧ ساڵ پێش ئێستا، هاوڕییان شاپور عەبدولقادر و قابیل عادل بەدەستی باندیکی چەپەڵی ئینسانکوژی ئیسلامی، لەناو شاری هەولێردا تیرۆر کران. بەدەستی تاقمێک تیرۆرکران، کە ژینگەی تیرۆرەکە لەلایەن دەسەڵاتی کوردی و بەتایبەتیش پارتیەوە، پاراو کرابوو...

ئێوە ٢٧ ساڵە لێرە نین. ٢٧ ساڵە ئێوە لەناو ئاپۆرەی جەماوەرییدا نابینرێن. ئێوە لەگەڵ بێ خانەولانەکان، دەرناکەون. لە ناو ئاوارەکان و ژیانی ئاوارەییدا، لەپاڵ نارەزایەتی بەرینی سەدان هەزار ئاوارەدا، ئێوە نین. ئاکسیۆنە ئایارییەکان دین و دەرۆن، ئێوە ڕێکخەرو ڕێنوێنی ناکەن، وتار بێژانی ئایارەکان و ڕابەرانی کرێکاریی، لە توانای ئێوە بێبەشن. وتە و پەیامەکانتان، ئێوە پێشکەشی ناکەن. ئێوە لەهوڵی میدیاکانی کوردستاندا لەریزی پێشەوەی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، ئیسلامیەکان و کۆنەپەرستانی ئیسلامی، ناخەنە لەرزە و پیلانە چەپەڵەکانیان، لەقاو نادەن. ئێوە لە هەولێر و دیانە، بازیان و ڕاپەرین، سلیمانی و.. لە کۆبونەوەی ڕابەرانی کرێکاریی و جەماوەریدا، بەشداری ناکەن. هەڕەشەی شەڕی ناوخۆیی و جەنگی دەسەڵاتی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد، هەمیشە کابوسێکی ئامادەیەو ئێوە لێرە نین تا لەرێزی پێشەوەی نەفرەتخوازانی شەر بڵێن نا. ئێوە لە ناو ئۆردوی فراوانی هەژاران و بێکاراندا، نەخشە داریژەر نین. ئێوە لە نەفرەتی جەماوەری دژی بێ موچەیی و پاشەکەوتی موچەدا، دەنگتان نایەت. ئێوە لە کۆبونەوە حزبیەکان و یادی پیکهاتنی حزبەکەتاندا، مینبەر بەدەست نین. ئێوە لە راسانی ١٧ شوباتەکاندا، ئامادەنین. ئێوەو نموونەکانی وەکو ئێوە، ترسی سەر پارێزگاری هەولێرو دیانەو... نین. هەموو ئەمانە ئەو بۆشاییەیە کە ئێوە بە ڕۆشتنتان، لەدوای خۆتان جێتان هێشتووە. ئەگەر کەسانێک دەپرسن کوان کۆمۆنیستەکان؟ زوربەیان بەداوی شەهامەتی لێبراوانەی ئێوە شاپورو قابیلەکاندا وێڵن. حزب و بزوتنەوەو کۆمۆنیزمی بێ شاپورو قابیلەکان، لاوازیەکی حاشاهەڵنەگری دوای ئەوانە. کام لەو بزوتنەوانە لە بزوتنەوەی دژی بێکارییەوە بۆ نارەزایەتی بەدژی بێخانەو لانەییدا، تا دەگاتە ئوردی ئاوارەیی و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، دەتوانن ڕاستی نەبوونی ئەوان نادیدە بگرن. لە نەفرەتی دژی شەری چەکداری دەسەڵاتەوە، بۆ بزوتنەوەی دژی کۆنەپەرستی و ئیسلامی سیاسی، تا دەگاتە بزوتنەوە پێشکەوتنخوازیەکانی کۆمەڵگەو بزوتنەوەی دژی دەسەڵاتی تالانچی ومافیایی میلیشیایی بۆرژوازی کورد... هەموویان جێگای خاڵی و ڕۆڵی ڕابەری ئێوەی تیادا ونە. ڕۆشتنی ناوادەی ئێوە بەدەستێکی چەپەڵی ئیسلامی و مەلایانی فوتێکراوی کرێگرتەی دەسەڵات، ئازارێکە و کۆتایی نایەت، بەڵام هێشتا هیواو خولیای هەموو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو کرێکاران و ژنان و لاوان و ئینسان دۆستی و ژیان دۆستی، هیواو خولیایەکە کە ئێوە بۆی تێکۆشان و لەو ڕێگایەشدا، گیانتان بەخشی. تائەوکاتەش دنیای نابەرابەرو زاڵمانەی سەرمایەداری، بوونی هەبێت، ئەو تیکۆشان و خولیاو ئارەزووە ئینسانیەی شاپورو قابیل بۆ دنیای ئازادی و بەرابەری وخۆشبەختی بە زیندووی دەمێنێتەوە. بەرزو بەڕێزە یادی خەباتکارانەتان...

***********



# ئایا شەڕە بازرگانییەکان ئاماژەن بۆ کۆتایی هاتنی سەردەمی نیولیبرالیزم؟

## وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: توانا محمەد نوری

مەبەست لە نیولیبرالیزم، هەرچەندە مشتومڕێکی زۆر لەسەر ماناکەی هەیە، زنجیرەیەک لە سیاسەت و ستراتیج بوون کە لەلایەن بەشێک لە چینی دەسەڵاتدارەوە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا پەسەندکران. لەوانە سیاسەتەکانی وەکو بەتایبەتیکردنی کەرت و خزمەتگوزارییە گشتییەکان.
دوای ئەو تێگەیشتنە سەرەتاییە، ئەو بیرۆکەیە لە ساڵانی نەوەدەکاندا چووە قۆناغێکی ترەوە کە دەکرێ پێی بوترێ "ئیمپریالیزمی نیولیبراڵ". بەشێک لە چینی دەسەڵاتدار، بە تایبەتیش لەسەردەمی بیل کلینتۆن سەرۆکی ئەمریکا و تۆنی بلێر سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، هەوڵی درێژکردنەوەی سوودە گوماناوییەکانی نیولیبرالیزمیان لە دەرەوەی وڵات دا. ئەوان دەیانویست ئابوورییەکی جیهانی بنیات بنێن کە هێزەکانی بازاڕ هێزێکی زۆریان هەبێت و کۆمپانیاکان بتوانن بە ئازادی لەودیو سنوورەکانەوە بازرگانی و سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنان بکەن. بۆ ئەو مەبەستە باجی بازرگانی ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر دادەبەزی. پێدەچێت ئەم ڕەوتە بەرەو وەستان بڕوات.

نیولیبرالیزم تا چەند ژیانی خەڵکی لە ژێر سەرمایەداریدا خراپتر کردوە؟

هەندێ ڕەوتی چەپ و شرۆڤەکارانی چەپ دەڵێن دوژمن نیولیبرالیزمە، لە کاتێکدا لە بنەڕەتتردا دوژمن سیستمی سەرمایەدارییە کە لەسەر قازانج و چەوساندنەوە و قۆرخکاری بنیات نراوە.
"کۆدەنگی کینز"، ئەو سیاسەتانەی کە زۆربەی چینی دەسەڵاتداری سەرمایەداری ڕۆژئاوا لە قۆناغی دوای جەنگی دووەمی جیهانیدا بەڕێوەی دەبرد، ڕێککەوتنێکی بەرفراوان بوو لە نێوان داڕێژەرانی سیاسەت و ئابووریناساندا کە دەستێوەردانی دەوڵەت، بەتایبەتیش لە ڕێگەی سیاسەتی دارایی و دراوییەوە، دەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر داواکاری (طلب) کۆی گشتی بەڕێوەببات و سەقامگیری تەواوی دامەزراندن و نرخەکان بەدەستبهێنێت. بەڵام ئەم سیاسەتە لە نێوان قەیرانی ساڵانی حەفتاکاندا تێکچوو.
تیۆری کینزی، قوتابخانەیەکی بیرکردنەوەیە کە لەلایەن جۆن مینارد کینزەوە دامەزرا، جەخت لەسەر دەستێوەردانی حکومەت دەکات لە سەقامگیرکردنی ئابووری لە ڕێگەی سیاسەتەکانی وەک زیادکردنی خەرجییەکان و کەمکردنەوەی باج بۆ هاندانی خواست و ڕووبەڕووبوونەوەی بێکاری.

لەم قۆناغەدا دوو شت ڕوویدا:

یەکەم: زیادبوونی جوڵەی سەرمایە بۆ ئەودیو سنوورەکان، چونکە کۆمپانیا گەورە و بەهێزەکان هەستیان دەکرد ئابوورییە نیشتمانییەکان زۆر سنووردارە و هەوڵیان دەدا چالاکییەکانیان فراوانتر بکەن.
دووەم: ئابووری جیهانی چووە ناو زنجیرەیەک قەیرانەوە کە سیاسەتە کۆنەکانی کینز بۆ دەستێوەردانی دەوڵەت نەیاندەتوانی چارەسەری بکەن.

هاوتەریب لەگەڵ ئەمەشدا، لە کۆتاییەکانی شەستەکانەوە و تا حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، شەپۆلێکی گەورەی خەباتی کرێکاران لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ڕوویدا.
چینی دەسەڵاتدار بەدوای پشتیوانی ئایدیۆلۆژیدا دەگەڕا بۆ ئەوەی سیاسەت و پراکتیکەکان یەکگرتوویی زیاتریان بەدەستبهێنن. ئەمەش بریتی بوو لە زیندووکردنەوەی ئایدۆلۆژیاکان کە سەنتەری میکانیزمەکانی بازاڕی ئازاد بوون کە بۆ یەکەمجار لە ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠دا سەریان هەڵدا.
بەڵام فەرمانڕەواکانیش بە شێوەیەکی پراگماتیک وەڵامی قەیرانەکەیان دایەوە. کەواتە، تیۆری نیولیبراڵ دەیگوت دەوڵەت لە ئابووری بکشێتەوە. بەڵام ئەوە ڕووی نەدا. لە ئابوورییە سەرمایەدارییە گەورەکاندا، خەرجییەکانی دەوڵەت هێشتا نزیکەی لەسەدا ٤٠ی بەرهەمی ناوخۆیی پێکدەهێنن.
کەواتە، ئەوە ڕاست نییە کە دەوڵەت لەم گۆڕانکارییە نیولیبراڵەدا نامێنێت. بەڵام گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانی حکومەتدا بەدەست دێت وەکو هێرشی توند بۆ سەر چینی کرێکار.

چ شتێک کۆتایی بە قۆناغی نیولیبراڵی هێناوە؟

چینی دەسەڵاتدار بەردەوام بووە لەسەر دەوڵەمەندکردنی خۆیان، بەڵام نیولیبرالیزم نەیتوانی گەشەی ئابووری فراوان بەدیبهێنێت. دیارە گەشەی ناوبەناو هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاستی فراوانبوونی بەردەوام هاوشێوەی ئەو ئاستانەی کە لە دەیان ساڵی دوای جەنگدا بینراون نەگەڕایەوە.
قەیرانی حەفتاکان ڕەگ و ڕیشەی لە دابەزینێکی درێژخایەنی قازانجدا بوو، شتێک کە کارل مارکس سەدەیەک پێشتر باسی دەکرد. ئەو ئاماژەی بەوەدا کە ئەمە لەبەر ئەوەیە کە وەبەرهێنانی زیاتر لە سەرانسەری سیستەمەکەدا کۆدەبێتەوە بە بەراورد بەو بڕە قازانجەی کە دەتوانێت لە کرێکاران دەربهێنێت.
کەواتە مارکس دەڵێت بۆ گەڕاندنەوەی قازانج، سەرمایەداری پێویستی بە قەیرانێکی ورد هەیە کە بتوانێت بەشێکی گەورەی ئەو وەبەرهێنانە لەناو ببات یان بەهای کەم بکاتەوە و ڕێگە بۆ بووژانەوەیەکی نوێ خۆش بکات.

ئەوە لە سەردەمی نیولیبرالیزمدا ڕووی نەدا. یەکەکانی سەرمایە ئەوەندە گەورە بوون، ئەوەندە لەگەڵ دەوڵەتدا تێکەڵ بوون، ڕێگەدان بە کۆمپانیا زەبەلاحەکان بۆ ئەوەی بڕوخێن، مەترسی دابەزینی فراوانتری لەسەر بوو.

بەڵکو دەستێوەردانی دەوڵەتمان هەبوو بۆ ڕزگارکردنی بانکەکان و بەشە گەورەکانی سەرمایە، و بۆ وەستاندنی قەیرانەکە کە بە تەواوی دەستی پێکرد. دەرئەنجامی ئەوەش ئەوەیە کە ڕێژەی قازانج بە نزمیی دەمێنێتەوە.

ئایا ئەوە زیاد لە پێویست پشتبەستن بوو بە بازاڕە داراییەکان کە نیولیبرالیزمی شکاند؟

پێدانی قەرز و گەشەی بانکداری بەشێکی سەرەکی نیۆلیبرالیزم بوون بۆ پێشخستنی ئابووری و پێدانی کاریگەری دینامیزم. بەڵام لە قەیرانی دارایی ساڵی ٢٠٠٨-٢٠٠٩ دەستمان کرد بە بینینی سنووری ئەم گەشەکردنە کە بەهۆی قەرزەوە دروست بووە.

دوو شتی دیکەش ڕوویدا:

یەکەم: سەرهەڵدانی وڵاتی چین، کە هاوڕێی دابەزینی درێژخایەنی باڵادەستی ئابووری ئەمریکا بوو. لە ساڵی ١٩٦٠ ئەمریکا لە سەدا ٤٠ی بەرهەمی ناوخۆیی جیهانی کۆنترۆڵ کرد. ئەمڕۆ، بۆ لەسەدا ٢٥ دابەزیوە.
ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی لوتکەی نیولیبرالیزم - بۆ ساڵی ٢٠٠١ کە چین پەیوەندی بە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانییەوە کرد - تێڕوانینێک هەبوو کە چین زیاتر لە ئەمریکا دەچێت. شرۆڤەکاران پێشبینیان دەکرد لەگەڵ پەیوەستبوونی چین بە بازاڕە جیهانییەکان، ئازادکردنی سیاسی ڕوودەدات و دواتر پێشوازی لێبکرێت بۆ ناو ئۆردوگای ڕۆژئاوا.
بەڵکو چین بە جێگیرکردنی دەوڵەت بە شێوەیەکی ئەوپەڕی بەهێز بۆ ئاراستەکردنی سەرمایە، ڕۆژئاوای ناچار کرد بیر لەوە بکاتەوە کە چۆن دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا خۆیان بۆ ڕکابەریکردن جێگیر بکەن.

دووەم: ئەو قەیرانە هەمەجۆرانەی سیستمی سەرمایەداری ڕۆژئاوای هەژاند و ڕقێکی گەورەی بەرامبەر نیۆلیبرالیزم دروستکرد لەلایەن سیاسەتمەدارانی هەردوو چەپ و ڕاستی سەرمایەداری کە پێشتر لە دەوری سیاسەتی نیولیبرالیزم کۆببوونەتەوە. بەڵام ئێستا سیاسەتمەدارەکانی وەک دۆناڵد ترەمپ سوودیان لەو ڕقلێبوونەوەیە وەرگرت.
پەتای کۆرۆنا گەڕانەوەی دەوڵەتی وەک یاریزانێکی ئابووری لە ڕۆژئاوا بەخۆیەوە بینی. ئایا ئەوە شتێکە کە پێویستە سۆشیالیستەکان پێشوازی لێبکەن؟
ئێمە دەچینە قۆناغێکی نوێوە، کە نەک تەنها پێکهاتەکانی سەردەمی پێشوو لەخۆ دەگرێت، بەڵکو جیاوازی گەورەش لەخۆ دەگرێت.
دەوڵەت وەک دەوڵەتێکی سەرمایەداری دەمێنێتەوە. چونکە لە ماوەیەکی درێژدا پەرەی سەندووە بۆ یارمەتیدان لە بەڕێوەبردن و پاراستنی کەڵەکەبوونی سەرمایەداری. تەنانەت لە توندترین حاڵەتەکانی دەوڵەتسازیدا، ئەگەر هێشتا ئابوورییەک بێت کە کێبڕکێ لەگەڵ یەکەکانی تری سەرمایە دەکات لەسەر ئاستی جیهان.
هەر بۆیەشە کۆمۆنیستەکان هەمیشە ئەو بیرۆکەیەی ڕەتدەکردەوە کە یەکێتی شوورەوەی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی بووبێت, بەڵکو دەیانگوت ئەوە جۆرێکە لە سەرمایەداری دەوڵەتی.
گەڕانەوەی دەوڵەت بۆ ناوەندی ژیانی ئابووری، گۆڕانێکە لەناو سەرمایەداریدا، گۆڕانکارییەک کە دەتوانرێت پەیوەست بکرێت بە قووڵبوونەوەی تاکڕەوی و پاوانخوازی.
هەروەها دەبێ لەوە تێبگەین کە ئەو سیاسەتانەی ترەمپ پەیڕەوی دەکات، هەرچەندە لە هەندێک ڕووەوە جیاوازن لە نیولیبرالیزم، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر لایەنگری بازاڕ و ڕێکخستنەوە و کەمکردنەوەی باج دووبارە دەکاتەوە.

ئەگەر نیولیبرالیزم کۆتایی هات، چ سیاسەتێک جێگای دەگرێتەوە؟

لە بەریتانیا، وەزیری دارایی بەریتانیا باس لە ئاسایشی ئابووری securonomics دەکات. ئەمە تێگەیشتنی ئەو بوو لە ئابووری بایدن - سیاسەتەکانی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا. تیایدا دەوڵەت بەکاربهێنرێت بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکان، چونکە چین ئەوە دەکات و بەریتانیاش کێبڕکێ لەگەڵ چین دەکات.
ئەوە تیورییەکەیە؛ بەڵام لەواقیعدا بەهۆی دوو خاڵەوە سنووردارە.

یەکەم، لەبەر ئەوەی سەرمایەداری بەریتانیا لە قەیرانێکی درێژخایاندایە و خاوەنی بودجەیەکی تەسکتر و کەمترە.

دووەم، کێشەکە بەهۆی جیهانگیری سەرمایە قورستر دەبێت. بازاڕی جیهان فشار دەخەنە سەر پارتی کرێکاران بۆ سنووردارکردنی خەرجییەکان.
ئەمەش مەترسییەکانی تاکڕەوی و ڕەگەزپەرستی لە بەریتانیا زیاد دەکات.

لێرەوە کرێکاران و سۆشیالیستەکان ڕووبەڕووی زۆر پرسیار دەبنەوە.

**لە ئینگلیزییەوە کراوەتە کوردی**

**سەرچاوە:**

**socialistworker.co.uk/in-depth/is-this-the-end-of-the-neoliberal-order**


پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ

## یوسف زێدان و بەشداری نەکردنی لەپیشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر و پرسی ئازادی بیروڕا و پیرۆزییەکان...


### بەرێز فەتاح خەتاب وەڵامی دەداتەوە




پرسی رۆژ: یوسف زێدان و بەشداری نەکردنی لەپیشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر و پرسی ئازادی بیروڕا و پیرۆزیەکان.

رۆماننوس ونووسەر و بیرمەندی میسری (یوسف زیدان)، پاش ئەوەی بڕیاربوو بەشداری پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب بکات لەهەولێر "رایگەیاند؛" بەداخەوە بەشداری پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێبی هەولێر ناکەم، راشیگەیاند، ئەوانەی هەڵمەتیان دژی ئەو بەرپا کرد پاشماوەی ئیخوانەکانن".

دوای ئەوەی هەڵمەتێکی فراوان لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان کرا بەرامبەر یوسف زێدان لەسەر ئەوەی قسەی ناشیرینی بەیەکێک لەسەرکردە و کەسە پیرۆزەکانی مێژووی ئیسلام و کورد (سەلاحەدین ئەیوبی) گووتوە لەیەکێک لەگفتوگۆکانی تەلەفزیۆنی لەمیسر. هەروەها د.محمد رێکانی یەکێک لەدادوەرانی کوردستان سکاڵای لەسەر تۆمارکردوە بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ٣٧٢ لەسەر رێزگرتن لەپیرۆزی وسونبولەکانی ئایینی مێژوویی ونەتەوەیی لەعێراق.





**بۆ ئەم پرسە بەڕێز فەتاح خەتاب نووسەر وشانۆکارمان دواند و وەڵامی ئەم پرسیارەی داینەوە:**

**پرسی رۆژ:** وروژانی ئەو پرسە بۆرێگەگرتن لەنەهاتنی یوسف زێدان بۆکوردستان، چەندە رێگریە لەرای ئازاد؟ هەروەها قسەکردن لەسەر پیرۆزیەکانی مێژوو و ئایینی نەتەوەیی چەندە لەبەرژەوەندی پرسی ئازادی بیروارایە؟

فەتاح خەتاب: خۆیشم وەک دکتور یوسف زیدان، لەو سکالا یاسایی و ئەو هێرشبردنەی بەلێشاوی ئیخوانەکانی کوردستان دژ بە ڕاو وبۆچوونەکانی لەمەڕ صلاح الدینی ئەیوبیەوە، کە بەر لە ٦ ساڵ لە کتێبەکانی تۆماری کردوون هیچی لێناکرێنم، چونکە ئەو لێکۆڵەرە بیرمەندە لە باخەڵی خۆی دەرینەهێناوە، بەڵکو لە چەندین کتێبە مێژوویەکانەوە کە لەم بارەوە خستویانەتە روو، ئەو خستونەتیە بەر باسەوە وهیچی تر. شایەنی ئاماژە پێکردنە، کە لەهەمان کاتیشدا کەناڵی الجزیرەی قەتەری، سکاڵایەکی یاسایی تر ی دژ بە د. ر یوسف زیدانەوە خستۆتەگەڕ. ئەوەش جێی سەرنج وتێڕامانە. دەبێ چی ئەو ٢لایەنەی لەم پرسە هاوبەشەدا کۆکردبێتەوە؟ کەچی هەمووومان لەوە ئاگادارین، زۆر لەمێژە ئەو مێژوونووسە هەمیشە داکۆکی لەپرس و مافی نەتەوەی کوردا درێغی نەکردووە. بە تایبەتی لە ڕۆژڕەشەکانی داعش وگەمارۆدانی شەنگال وفاپوورکردنی شوێنەوارە مێژوویەکان وڕفاندن وسەبی کردنی کچ و ئافرەتانمان وهەرراج وهەرزان فرۆشتنیان لە وڵاتە عەرەبی وئیسلامیەکاندا بەرانبەر بەو تاوانە جەنگی ومرۆییانەدا، نقەیان لێوە نەهات. کەچی فەقێ و مەلا ئیخوانییەکانمان شەو وڕۆژ بۆ غەززە وتیرۆریستە بەکرێگیراوەکان خەویان لە چاو زڕاوە وهاوار دەکەن ودەڵێن ودەڵێنەوە (وەڵڵا وەڵڵا.. زمانی خودا، عەرەبیە) بەڵام لای زۆرینەیان، نەورۆز وئاهەنگێڕان وسەیرانکردن وسروودی ئەی ڕەقیب، کوفر وزەندەقەیە!!! سەیرە کاتێ دەبینین ئەو ئیخوان وسەلەفی وسوڵکەرانەی کوردستان بوونەتە پاشاتر لە خودی پاشاکە. لێرەدا بە باشی دەزانم، لێدوانەکەی ئەدۆنیس ی شاعیر وەبیربێنمەوە کە دەڵێ "ئەو بیرمەندە ئیسلامیانەی وەک ئیبن سینا والڕازی وئیبن هیثم وئیبن رشد وئیبن خلدون کە بەکوفر ولادەر لە ئایینی ئیسلامەوە تۆمەتبار کران، تەنیا ئەوانە خزمەت بە شارستانیەتی عەرەبی وجیهانیان گەیاندوە، تەکفیرچیەکانیش هۆکاری سەرەکی بوون لە کوشتن وبڕین وڕەدونان وشاربەدەرکردنی فەیلەسووف وبیرمەندە عقلانی وعیلمانیەکان". گەر سەرنجی لێدوانەکانی ئەم دواییەی دکتور یوسف زیدان بدەین کە ٣ پرسی گرنگی لە دیاردەی (پیشەی مێژوونووس وپیرۆزکردنی کەسێتی (تقدیس) ودووبارەنووسینەوەی مێژوو (بەدواداچوون وهەڵوەشاندنەوەی) زۆر لەو شتە قۆڕانە ڕزگارمان دەبێت. سەبارەت بە خاڵی یەکەم دەڵێ " نابێ مێژوونووس بۆ ڕازیکردنی لایەنێک، ملی مێژووبشکێنێت. خاڵی دووەم: لە مێژوودا پیرۆز وتقدیسکردنی هەر کەسایەتییەک بێت، خیانەتی مێژوویی لێدەکەوێتەوە. خاڵی سێهەم: ئەمەش بەهۆی ترس وتۆقاندن ونەبوونی متمانە وبوێریی.. کەس نەیتوانیوە بە ئەقڵ و ویژدان و بەرپرسێتیەوە خاوەن هەڵوێست وبڕیار وقەڵەمەکەی خۆی بێت، بەڵکو تەنیا کۆپیکراوەیەکی فالسۆ ودرۆزنانە بێت. دەرئەنجامەکەیشی مێژوویەکی پڕ لە زێدەڕەویی وچەواشەکاریی وفسۆس پاڵەوانیمان بۆ ماوەتەوە. جا شەکسپیێر گوتەنی (دەبین یا نابین؟)

*********



## کابینەی دەیەم – هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ، یان نوێکردنەوەی گرێبەستی دابەشکردنی دەسەڵات لە لایەن جووت بنەماڵەی یەکێتی و پارتی؟

نووسینی: ڕێبوار یاسین

بێ هۆکار نییە کە لە هەرێمی کوردستاندا بنەماڵەی یەکێتیی و بنەماڵەی پارتیی و پیاوانی بەردەستیان ئەو هەژموونە گەورەیەیان هەیە بەسەر ناوەندی سیاسییدا، وە سەرەڕای ئەوەی کە سێ دەیەیە جۆری خراپەکاریی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات نەماوە بە درشتترین شێوە مومارەسەیان نەکردبێت، کەچی ئێستاش لە هەڵبژاردن و دەنگداندا بەشی شێریان بەردەکەوێت و خەڵک بە لێشاو دەنگیان پێدەدات.

هەرێمی کوردستان بە ٣٣ ساڵ تەمەنەوە، دیسانەوە لە لێواری پێکهێنانی کابینەیەکی حکومی نوێدایە – ئەمجارەش وەک هەمیشە، پارتی و یەکێتی دوای چەند مانگێک لە گرژی و مانۆڕی سیاسی، پیدەچێت نزیک بن لە ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

دەبێ بپرسین؛ ئایا ئەمەش خولێکی دیکەی هاوبەشیکردن، دابەشکردنی وەزارەت و بودجە و نفوزە – یان بوار و دەرفەتێکی تازەیە بۆ گۆڕانکاریی لە سیستەم و میکانیزمی حوکمڕانیدا؟

پێکهێنانی کابینەی دەیەم تەنها پرسێکی تەکنیکی و ئیداری نییە... بەڵکو قۆناغێکی یەکلایی کەرەوەی سیاسییە لە هەرێمێکدا کە ساڵانێکە لەگەڵ نادڵنیایی، بێهیوایی و خواست بۆ چاکسازیی و ریفۆرم دەجەنگێت!

ئەگەر ڕاستگۆبین؛ دەبێ بپرسین ئایا هاوبەشی و هاوپەیمانی نێوان پارتی و یەکێتی تا ئێستا چی لێ بەرهەم هاتووە؟

سی ساڵ زیاترە هاوپەیمانی پارتی و یەکێتی هاوسەرگیرییەکی بەرژەوەندی فشۆڵە – هەندێکجار هەماهەنگ و زۆربەی جاریش کێبڕکێکاری یەکتربوون! ئەوەی لەم نێوانەدا نابینرێ؛ مۆدێلێکی حوکمڕانی یەکگرتوو، هەستکردن بە بەرپرسیارێتیەکی نیشتیمانی هاوبەش و بوێریی هەنگاونانە بەرەو دامەزراندن و بەهێزکردنی یاسا و دامەزراوەی نیشتیمانی و نەتەوەیی، لەبری تەنها هەوڵدان بۆ پاراستنی هەژموون و دەسەڵات!

دەسکەوتەکانی ئەم هاوسەرگیرییە فشۆڵەی نێوان ئەم دوو حزبە تا ئێستا، لەبری حکومەتێکی نیشتیمانی بەهێز و یەکگرتوو، ئەمانە بووە:

1. بیرۆکراسییەکی لاواز و دوو ئیدارەیی

2 . هێزگەلی ئەمنی ژێر دەسەڵاتی حزبی

3 . پەرلەمانێکی ئیفلیج

4 . ئابوورییەکی لاواز و ناکارا

5 . بێمتمانەیی لەنێوان خەڵک و حکومەت

کەواتە؛ کابینەیەکی نوێ پێکدێت، بەڵام بۆ چییە؟ ئایا بۆ خزمەتکردنی خەڵکە، یان درێژکردنەوەی دۆخی ئێستایە؟

جیهان و ناوچەکە لەبەردەم گۆڕانکاریی خێرادایە، هەرێمی کوردستانیش ناتوانێ تەنها تەماشاکار بێ!

لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئاکتۆرەکان خەریکن بیر لە مۆدێلی جیاجیای حوکمڕانی دەکەنەوە، وڵاتانی کەنداو خۆیان ئامادە دەکەن بۆ قۆناغی ئابووری دوای نەوت. حکومەتی فیدڕاڵی عێراق هەوڵی بەهێزکردنی مەرکەزییەت و جێگیرکردنی پایەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتێکی مەرکەزی دەدات. تەنانەت تورکیا و ئێرانیش هەوڵ دەدەن خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا بگونجێنن!

لەم نێوەشدا؛ گەنجەکانی کوردستان بەردەوام کۆچ دەکەن یان بیر لە کۆچ دەکەنەوە، هیچ شتێک ئەوان بە خاک و سیاسەتەوە نابەستێتەوە، باوەڕیان بە دامەزراوەکان نەماوە و لە تاراوگەدا بەدوای کەرامەت و ژیانێکی باشتردا دەگەڕێن! کەواتە، ئەو مۆدێلەی ئێستای سیاسەت و حوکمڕانی ناتوانێ وەڵام گۆی پێداویستییەکانی ئەم نەوەیە و خەڵکی کوردستان بێت!

کابینەی دەیەم دەبێت دووبارە ڕێکخستنەوەی ستراکچراڵی سیاسەت و ئیدارەی هەرێمی کوردستان بێت!

یەکەم: کارنامەیەکی ڕاستەقینەی دژەگەندەڵی، نەک کۆمەڵێک لیژنەی بەتاڵ و بێ دەسەڵات!

دووەم: بیرۆکراسییەک لەسەر بنەمای توانایی و لێهاتوویی کادیرەکان، نەک مەحسوبییەت!

سێیەم: هێزێکی پێشمەرگەی یەکگرتوو، نەک هی حزب!

چوارەم. هەمەچەشنکردنی ئابووری و سەرچاوەکانی داهات.

پینجەم . لێپرسینەوە و سەروەری یاسا.

دروستکردنەوەی کابینەیەکی نوێی حکومەت لەسەر بنەمای دابەشکردنەوەی وەزارەت و دەسەڵات و ئیمتیازەکان، هیچ شتێک بۆ باشتر ناگۆڕێ! پارتی و یەکێتی ئەگەر داهاتووی خۆیان و میللەت و هەرێمی کوردستانیان بۆ گرنگ بێ، دەبێ بیر لە گرێبەستێکی نوێی کۆمەڵایەتی بکەنەوە، کوردستان لەو چەقبەستووییە ڕزگار بکات!

کۆمەڵگە لە گۆڕاندایە – تەنانەت ئەگەر سیاسەتیش پێی نەگاتەوە!

خەڵک لەجاران وشیارترن، چاوکراوەترن و دەنگیان زیاتر دەگات. خەڵک داوای ماف و ژیان و کەرامەت دەکەن – دروشم و هوتاف و شانازی حزبی چیتر بەس نییە!

پارتی و یەکێتی دوو بژاردەیان لەبەردەمدایە:

یەکەم: بەخۆیانابچنەوە و حوکمڕانیەکی باش دامەزرێنن.

دووەم: هیچ نەکەن، تەماشاکار بن و سەیری مێژوو بکەن چۆن بەجێیان دێڵێ!

بژاردەکە هی ئەوانە، بەڵام عاقیبەت و دەرئەنجامەکانی بۆ هەموو خەڵکی کوردستانە کە دەبێ بەرگەی بگرن!



## ئیتاڵیا "مەترسی لەسەر کچانی نەوەی دووەم

نووسینی: شوان سدیق: ئیتاڵیا

چالاکوانانی کاروباری ژنان لە ئیتاڵیا دەڵێن مەترسی لەسەر ژیانی کچانی نەوەی دووەمی خێزانە کۆچبەرەکان هەیە. چونکە خێزانەکانیان بەزۆر بەشویان دەدەن لە ئەگەری ڕازی نەبوونیان ڕووبەڕووی توندوتیژی و کوشتن دەبنەوە.

پێشتر سەمەن کچێکی ١٨ ساڵانی پاکستانی بوو لەلایەن خێزانەکەیوە کوژرا، ئەمەش ئیتاڵیای بەخۆیەوە سەرقاڵکرد.

سەمەن، شەوی ٣٠ی نیسانی ٢٠٢١ لە شاۆچکەی نۆڤێلارا لە هەرێمی ڕێجیۆ ئیمیلیا لەگەڵ خێزانەکەی دەژیا.

پاش ئەوەی لەلایەن خێزانەکەیەوە هاوسەرگیرییەکی ڕێکخراوی بۆ کوڕە ئاموزایەکی ڕەتکردەوە، ئەوانیش هەستان بە پارچەپارچەکردنی کچەکەیان.

چەند ڕۆژێک دوای ئەنجامدانی کارەکەیان باوک و دایکی کچەکە، دەەڕینەوە بۆ پاکستان، پاشان بەهۆی نارەزای شەقامی ئیتاڵی، حکوومەت فشاری خستە سەر پاکستان و ناچار باوک و دایکی کچە کوژراوەکەیان ڕادەستی ئیتاڵیا کردو سزای بەندکردنیان بەسەردا سەرپێنرا.

سوزانا دۆناتێلا سیناتۆری ئیتاڵی دەڵێت: حاڵەتی فشارخستنە سەرکچان لەلایەن خێزانەکانیانەوە ڕووی لەزیادبوون کردووە.

سۆزانا باسیش لەوە دەکات "لەشاری لیچێ حاڵەتێک هەبووە خێزانێک بەزۆر ویستوویانە کچەکەیان بەشووبدەن، بەهۆی ئاشکرابوونی کەیسەکە ڕێگریان لێ کراوە.

دۆسێیەی کچە نەوجەوانێکی پاکستانی لە شاری لێچێ پاش ئەوەی دەنگی دایەوە، خێزانەکەی دەیانویست کچە کەم تەمەنەکەیان لەگەڵ هاونیشتمانێکیان لەوڵاتی پاکستان هاوسەرگیری بکەن.

بەڵام کچەکە بە نهێنی لەقوتابخانە ئەم ڕووداوە بۆ یەکێک لە مامۆستاکانی باس دەکات.

پاشان داواکاری گشتی شاری لێچێ دێتە سەرهێڵ سکاڵا دژی و دایک و باوک و برایەکی کچەکە تۆمار دەکات.

پاشان کچەکە ڕەوانەی حانەیەکی نەوجەوانان دەکرێ و لەوێ دەپارێزرێت.

بەڵام بەگوتەی سۆزانای سیناتۆر "ئەمە جارەسەر نییە پێویستە وشیاری یاسایی و کۆمەڵاتی زیاتر لەنێو ڕەوەندی کۆچبەران هەبێ و ڕێکاری یاسایی دژی ئەو خێزانانە بگیردرێتەبەر کە کچانی نەوەی نوێ ناچار بەژیانێک دەکەن خۆیان بەو ئاقارەدا ڕۆیشتوونە.

بەگوێرەی داتای نوێی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٥ خراوەتەروو، ژمارەی دانیشتوانی هاووڵاتیانی بیانی لە ئیتاڵیا بەگشتی بریتیە لە( ٥ ملیۆن و ٤٢٢) هەزار کەس.

ئاماری وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی باس لەوە دەکات، بە بەراورد بە ساڵی پێشوو دەردەکەوێ (١٦٩) هەزار کەس زیادیکردوە.

********


# له ٣٧ ههمین ساڵیادی ئهنفالدا...

ئەم ڕۆژانە سی و حەوت ساڵ بەسەر شاڵاوەکانی ئەنفالدا تێدەپەڕێت. ٣٧ ساڵ بەسەر گەورەترین کۆمەڵکوژی ئاشکرا و بێدەنگی دنیای بەناو دیموکراسیدا دەگوزەرێت، کە بەدەیان هەزار ئینسان، لەگەورەو بچوک، ژن و منال، لاو پەکەوتە، بەکۆمەڵ بەرەو دۆزەخ بران و بەکۆمەڵیش ژێر خاکی لمینی و دەشتاییەکانی ناوەراست و خواروی عێراق خران... بێگومان سەدام حسێن و ڕژێمی درندەی بەعس، تاوانکاری سەرەکی ئەم کۆمەڵکوژییە جەرگبرە کەم وێنەیەی دنیای هاوچەرخن، بەڵام ئەمە هەرگیز نابێ ئەو ئاکامەی لێ وەربگیرێت کە لایەنەکانی تری بەشدار لەو تاوانکاریەدا، نادیدە بگیرێن...

تاوانی ئەنفال، وەکو تاوانی هەڵەبجە و بۆمبابارانی قەڵادزێ ... نەک هەر ڕۆڵی حزبە بۆرژوازییەکانی کوردستانی تیایە، بەڵکو لە بنەرەتەوە کارەساتی هەڵەبجەو شاڵاوەکانی ئەنفال و سوتماککردنی دەیان و هەزاران دێهات و تەنانەت ڕاگوستن و لەگەڵ زەوی تەختکردنی چەندین شارو شارۆچکە لەچوارچێوەی جەنگ و ململانێی ڕژێمی بەعس و بزوتنەوەی ناسیونالیستی شاخی کوردیدا رووی داوە...

تاوانی دڵهەژێن و مەرگەساتی بەکۆمەڵی دەیان هەزار ئینسان لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا، وەیشومەی مەرگێکی بەکۆمەڵە، و هەڵگری خەرمانەیەک لێکەوتەی نەخوازراوە، کە هەرگیز لەبیر کەس و کارو ئازیزانیان، و بیری خەڵکی کوردستان و دنیای ویژدان زیندو ناچێتەوە.

ئەوەی ئەو کارەساتە جەگبرە، و کاریگەرییەکانی لە کەس و کارو ئازیزانی ئەو قوربانیانەو خەڵکی کوردستان جیانابێتەوە... هەر ئەوە نییە کە سەدام حسێنی سەرە تاوانکار، بەر لە داننان بەو تاوانەو چۆنیەتی ئەنجامدان و کاراکتەرە بەشداربووەکانی، وە وەرگرتنی سزای تاوانکارانەیان، لە گەمەیەکی سیاسی و تۆڵەسەندنەوەی تایفیدا، نهینیەکانی لەگەڵ خۆی برد، بەڵکو هاوکات دوای سی و حەوت ساڵ، کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال، لە ژیانێکی بێ ئەندازە نەخوازراودان... هاوکات دوای٣٧ بەسەر ئەو کارەساتەدا، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی هەموو خزمەتیان بە کەس وکاری ئەو قوربانیانە، بۆتە مەراسیم و بۆنەی سیاسی ساڵانە و فیستیڤاڵ سازکردن، بۆتە دۆسیەی کۆکردنەوەی دەنگ لە هەڵبژاردنەکاندا، بۆتە سەردانی پاڵیوراوە حزبیەکان بۆ سایە زاڵکردنی دەسەڵاتیان بەسەر قوربانیانی کارەساتە جەرگبرەکان و خەڵکی کوردستاندا...



سی حەوت ساڵ بەسەر تاوانی ئەنفالدا تێدەپەڕێت، کەچی هێشتا، ژمارەی دروستی قوربانیانی ئەو کارەساتە، نادیارە، هێشتا روون نییە لەو قوربانیانە چەندیان و ژن و چەندیان پیاو و منالن، لەهەر ناوچەو گوندو دێهاتیکدا چەند کەس راپێچی مەرگ کراون... لەوانەش کارەساتر ئەوەیە هەر ئەو حزبانەی کە فرمێسکی تیمساحی بۆ قوربانیانی خەڵکی کوردستان و ئەنفال هەڵدەرێژن، وە کەیسی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیابارانیان، کردۆتە دۆسیەی کۆکردنەوەی سەرمایەی سیاسی و سواڵی داهات و بەشی دەسەڵات... لەگەڵ گەڕانەوەیان بۆ شارەکان و بەر لەراپەڕین، بێ گوێدانە هیچ هەست و سۆزێکی قوربانیان و بێ ڕەچاوکردنی هیچ بەهایەک بۆ یاساو لێپرسینەوە، لێبوردنی گشتیان بۆ دەیان و سەدان لە کرێگرتەکانی بەعس کە لە فەوجی خەفیفەو مەفرە تایبەتیەکاندا بوون، و بەبەڵگەوە بەشداری ئەو شاڵاوانەو چاوساغی ئەو جینۆسایدە بوون، گەردن ئازاد!! کرد. لەگەڵ کەوتنی ڕژێمی بەعسیشدا، دەیان لە کاراکتەرە سەرەکی و ئاگادار و بەشدار لە کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانەکاندا، لە چەشنی نزار خەزرەجی، هاشم و سوڵتان و وەفیق سامەرایی و ... لەلایەن هەر ئەو حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە پارێزران و فەرشی سوریان بۆ راخرا، رەوانەی ئەوروپا کران و وەفیق سامەرایش کرایە، ڕاوێژکاری ئاغای جەلال تاڵەبانی...

هەموو ئەو ڕاستیانە، پێمان دەڵێت، ئەو حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتی، بەشێکن لەو کارەساتە، نەک هەر لەکاتی ڕوویدانیدا، بەڵکە دوای ڕوداوەکەو دوای کەوتنی ڕژێمی بەعسیش... درێژە پێدەری ئەو کەیسەو خەریکی خۆی ڕێزکردنی زامی کەسوکاریانن و خەریکن بێ شەرمانە سەرداری کەس و کاری ئەو قوربانیانە دەکەن، نەک بۆ پرسینەوە لە ژیان و گوزەرانیان هاوکاری کردنیان، نەک بۆ ڕاگەیاندنی و ئاشکراکردنی ناوی تاوانکارانی بەشدار لە جینۆسایدەدا، وە نە بۆئەوەی تەنانەت شوێنی دروستی گۆڕەکانیان پێ بڵێن... بەڵکو بۆ ئەوەی باهۆزی فریوکارییان بەسەردا ببەخشنەوە و داوای دەنگیان لێبکەن... تا بەسەر لاشەی دەیان هەزار کەسی جینۆسایدکراو کەس وکاری دل زامداریاندا، هەڵزنێن و درێژە بەدەسەڵاتی زاڵمانەو فیرعەونانەیان بدەن... یان دەستیان لەدەسەڵات گیر بکەن... چ تاوانکاریەکە، ژیانی سیاسی کردن لەسەر لاشەی قوربانیان و فرمێسکی وشک نەبووی دەیان هەزار ئینسانی زیندوودا... چ ریسواییەکە بەشداربیت لە کوشتار و جینۆسایداو فرمێسکی درۆزنانەش بۆ کەسو کاریان بڕێژیت و کارگەی درۆ بەخشینەوەش، بخەیتە گەڕ.

ئەو دۆخەی کە کەس و کاری ئەنفالەکان و کیمیاباران و کارەساتبارەکانی کوردستان، دەیگوزەرێنن، ڕاستی بەردەوامی کارەساتەکان، بە جۆری تر نیشان دەدات... بەردەوامی خۆی ڕێزکردنی زامی قوربانیان بەیان دەکات... ئەو دەسەڵات و حزبانەی کایەی سیاسی بە گیانی قوربانیان و کەس وکاریانەوە دەکەن، ئەو حزب و لایەنانەی کوردستانیان بە دەسەڵاتی قەومی و ئیسلامی عروبی شەتەک دایەوە، درێژە پێدەری کارەساتی جینۆساید و کارەساتە دڵ هەژێنەکان و نەخشە رێگایی زیندووبوونی کارەساتەکان دەگێڕن... ئەو دەسەڵات حزبانەی هاوکار و هاوبەشیان، تاوانبارن، تاوانباری ڕابردوون، تۆمەتباری داهاتووشن... دەبێ لە پای ئەو تاوانەشیان، بکەونە بەردەم تورەیی و نەفرەتی جەماوەری قوربانی لیکەوتوو وە شۆشگێڕ و ئازادیخوازی کوردستانەوە...

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

نیسانی ٢٠٢٥

گۆشەی ئەدەب و هونەر

# مردنی پێنووسە ئازاکان



**نووسینی: ڕێبوار حەمە شەریف**

هەر کەباس لە پێنووس دەکرێت کەسایەتیەک دێتە بە دیدگامان و بیرمان دەچێت بۆلای خۆێنەوارێک و کۆمەڵێک لە بەهای سەنگین کە جڵەو ڕێڕەوی کۆمەڵگەی لە ئەستۆگرتبێت و خاوەن ئیرادەیەک و پێشەنگە لە بوارێکدا.

نووسەرێک یا دادوەرێک، شرۆڤەکارێک و یا مامۆستایەک، سیاسیەک و خاوەن هەڵوێستێک کە لە خەمێکی قوڵی مرۆڤ بووندابێت.

سەدەیەکی جەنجاڵ و کۆمەڵێ وەرزە ڕنینەوەی ئەقڵەکان لە ڕۆژگارێکدا بەڕێ دەکەین، کەسایەتیەتی تاک ڕۆژ بەڕۆژ بەرەوهەڵدێر و تارکستانی... مل دەگرنە بەر، هەڵوێست نامۆترین وشەیە کە لەدارستانی چەرمەسەریەکانەوە دێتەوە.

ویژدان دەمەزەردەی شمشێرێکەو بەدەستی کۆمەڵێکەوە خەریکی ملپەڕینە!؛ سەرتان سوڕنەمێنێت ملشکان و هەڵدێرەکان لە کۆمەڵێک چەتەی براکانی... دوێنبن و خوێنمژەکانی ئەمڕۆبن .

قازەکانی دوێنێ... کاتێک کە بە ژێر هەورە تەڕەکاندا دەفڕین شەرمیان لە تەڕبوونی باڵەکانیان دەکردەوە کەچی ... لە ئەمڕۆدا ئەوەی شەرم بێت لە لایان ئەستێرکێکەو بۆتاوێکیش لانادەن لە چینەی هەوارێکدا.

لە ئەمڕۆدا هەموو شتێک پێچەوانەی کەوانێکە و نیشانەکان لەبەر لوتێکدا و بە دوو چاوزیدکردنەوەیەک قوڵترین برین لە جەستەدا بەجێدەهێڵێت.

بازرگانێک بە لێشاو ڕاستی دەنێژێت و نوکی هەزاران خەنجەری ژەهراوی لە کاسەیەکدا کۆدەکاتەوە!

عەوامێکی بەجیماوە کە دکتۆرێک دوای نەشتەرگەری دەگەڕێتەوە و کۆمەڵێک لە جگەر گۆشەکانی بە فیشەک لە بێژنگ دەدات .

شاعیرێک یا نووسەرێک زنجیرە درامایەکەو وشە خەڵتانی خوێن دەکات و لە بازاڕی دۆلارەکەدا دەیداتە دەست کۆمەڵێک چەکلو پەکلەوە تا گەمژەیی وەک پەتایەک بڵاوببێتەوە؛!

ورتە ورتی چا یخانەیک و کۆمەڵێک دەست بەتاڵ بە ناوی نووسینەوە قەڵەمێک لەبن گوێ دەگرن تەنها باسی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی ناکەن.

مامۆستایەک جزدانەکەی لە بەردەم چەند مایکێکی تێژدا واڵا بکات و پارەی دەوایەکی پێنەبێت تا ئازاری جەستەی هێورکاتەوە ؛!

دکتۆرێک لە ژووری نۆژینگەدا ژنێک ڕووت دەکاتەوە تا پشکنینێکی بۆ ئەنجام بدا، بەڵام هەوەسی سێکس و ناوگەڵ سەری پێ هەڵەگرێت و پروسکە ئاسا دەگەڕێتەوە ماڵەوە تا لەوێ ژەهری کەللە و ناوگەڵی خاڵی بکاتەوە!؛ سیناریۆکەیمان بەبەرچاوی منالانەوە بەشانازییەوە دەگێڕێتەوە.

قۆڵ برێک بە ڕۆژی ڕوناک بە بەرچاوی خەڵکەوە لاکی گەنیوو و مادەی بەسەرچوو بەبەرچاوی یاساوە دەرخواردی گەدە برسییەکان دەدات ولێپرسینەوەیەکیش لە ئارادا نی یە .

شۆفێرێک کۆمەڵێک گەواد!! و هەندێ لەشفرۆشی!! داماو بە حسابی سیغەو مسیار بۆ ژوورە تاریکەکانی زینا دەگوزێتەوە.

نەخۆشخانەکان جمەیان دێ ... وە کەسیش نەخۆش نییە!

کاوێژچییەکانی کوردستان کە بەناوی بافلۆف وفرۆیدەوە دەیانەوێت پێمان بڵێن ئازارەکانی جەستەمان سەرچاوەی دەرونی یە، نەک پێچەوانەکەی، لەکاتێکدا نازانێت کە سک هەڵگوشین و بێ دەرامەتی ڕەچەتەکەی چینایەتی یە .

حزبە لۆکاڵی یە بەکرێ گیراوەکان و چەند مێزەر بەسەرێکی کاڵفام و یەک دوو زورنا ژەن بۆ مەزەی ئێوارەیەیان باس لە هەڵهاتن و ون بوونی مانگ دەکەن و ئاخۆ بیکەن بە جەژن یا نایکەین بە جەژن!

وەک ئەوەیە کە لە قولەی قافا گیرمان خواردبێت ئەمانەش وخەریکبن وانەی نیوتن وئەنیشتاینمان بۆبڵێنەوە

ئەمە سەردەمی چ داماوییەکە (ئایفۆنی نۆزدەو بیستی) کەچی هەواڵی مانگ نازانێت

چی بنووسین ئێوە... بڵێن: هۆ پێنووسە مردووەکان؟

# گوڵی وەنەوشە

ڕەنگە،
بەلای گوڵفرۆشێکا تێپەڕیت
بێئەوەی گوڵفرۆش دەنگ بەرزکاتەوە
هەوا،
بۆنی چەند گوڵێک بە کەپوتدا ئەپژێنێ
سەرەنجت بۆلای یەکیان، ڕابکێشێ
تا بالۆنی سپیەڵانت درێژتین هەناسە هەڵبکێشیت...!
ڕەنگە
هەستت وابێت...
کە چاوەکانت وێنای گرتووە
نا
خەیاڵێک،
قوڵ و
سەرێکی پڕ لەخەونی ئەرخەوانی...
عەشقێکی یاخی...و
بیر خستنەوەی یەکەم وێستگەی
ڕۆژانێکە،
خولیا دەکەی ...
بۆ کڕینی چەپکێک
دەستدەکەی بە جانتاکەتدا،
تا دراوێک دەربهێنیت، لە ناکاودا پەنجەت بەر
ئاوێنەی ئایفۆنەکە، دەکەوێت و
ڕەنگێکت نیشان دەدات
کە لە ڕەنگی هەموو گوڵەکان جیاوازترە
هۆشت سەرت پێ هەڵە گرێ ...
بۆلای ورتە ورتی دوو (ماسی سوور)،
لە دەم گوێی ڕووبارەکا
کەنارێک
بەدەم ئێوارەیەکەوە
لە گەڵ دوو نەوڕەسی گەردن سپی و،
دوو پەنجە شەپۆلی سەر هەڵگرتبوو،
فوو بە سینەی دەریادا دەکەن و جار بە جارێ
پرچو زولفی ئاو شانە دەکەن ..
لە بەر خۆتەوە...
یەک دوو چرپە بۆ گوڵێک دەکەیت و پێیدەڵێت:
ئێ باشە، دەی بیدەم بەکێ ...؟
گوڵ فرۆشەکە،
گوڵ ناس و
ڕەنگ ناس و
چاو ناس و
ڕووخسار ( ناس)ە !!؛
فەرموو
ئەم چەپکە گوڵە
لە منەوە بۆ تۆ ...
لە تۆ شەوە،..
بۆ ئەو کەسەی
کە لە دڵتدایە و ساڵانێکە
هێلانەی ڕەنگێک
کەچڵۆپۆی
لە ڕەنگی خۆتی .... هەڵچنیوە .

**هۆنراوەی: ڕێبوار حەمەشەریف**

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕێبوار حەمە شەریف



# کێ ئەڵێ خودا ژن نییە چۆن ئەکوژرێ

که شەڕ نەما
ڕادێۆکان دەنگە قێزەونەکانیان
دەرنایەت
چیتر پێڵاوی کوژراوەکانیش
نادز رێت

کوێوە ئەچیت..؟
پێدەچێت شەڕ پیربووبێت،
درەخت باڵا بکات ؟
شەقامەکان لەچەکدارەکان
کپ ببن ..؟

شتێ بڵێ
ئەو ڕۆژەی کۆترە باریکەیەک ئەکوژرێ
ژنێکیش ئەبێتە قوربانی
بەبا بڵێن شتێ بڵێ
بە شۆستەو شەقامی شار
بەکۆڵانی تەسکی دڵ ڕەق
بەخۆرەتاو
بە منارەو میحرابی پڕ
بە بەردە نوێژی سەرکانی
بەهەنگاوی شپرزەی ڕێ
بەگۆی مەمکی دەم منداڵێکی شیر مەردە
بەخوانی چۆڵ
بە باڵای شەریعەت و دین
بە چەمی خوڕ

من مرۆڤم ... گەرچی ژنم
کەی دیوتانە باخچە بێ گوڵ
گوڵ بێ دڕک

ژن ئەستۆنگەی ژیانە
گەر ژن نەبێ ... ژیان چییە
چی سەوز ئەبێ
ژن هەمیشە ئاوێنەیە
ئێوە لەبەردەم باڵایدا
بستە باڵان .... کێ ڕێ لەئاواز ئەگرێ
کە شنە دارستانی ڕاژەن

کێ ڕێ لە فلوتی قامیشەڵان ئەگرێ

باڵای بەرزی سورە چنار
کێ ڕێ لەڕێی سورەماسی و
شەپۆلی سەرەو ژور ئەگرێ
کێ ئەتوانێ دار هەناری دڵی باخچە
زویر بکا

بەخوا بڵێن شتێ بڵێ
گەر ژن نەبێ ژیان چییە
من ئەزانم هەندێ زام هەیە نانوسرێ
من ئەزانم لەلای نەزان
داهێنان بۆ مردن هەیە
لە پێش بڕکێی مەرگ شارەزان

ئەو دەستە واژەیە چییە
سەرپۆشی عار دای ئەپۆشێ
پڕ پرن لە چاوی سور
ڕقی برین

بڵێی ئەوڕۆژەی ژنێ ئەکوژرێ
ئاسمان بدوێ
پەیام بەرێ بێتە قسە
بڵێ بڵێ .. خودا پێی باش بێ
ژن بکوژرێ
کێ ئەڵێ خودا ژن نییە
چۆن ئەکوژرێ

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،
سلێمانی

**سەلام سەعید**

**تێبینی: ئەم هۆنراوەیە بە بۆنەی کۆنفرانسی پێکهاتنی ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان نووسراوە...**

# ئاشی نەزان خوا ئەیگێڕێ



نووسینی: هاوڕێ نەهرۆ

بێگومان هەموو پەندێک زادەی یادەوەریی بە کۆمەڵە، دەشێ لەسەر چەند میکانیزم و ئالیەتێک ئیش بکا، هەموو پەندێک قابیلی ئەنالیزەیە، دەشێ مانای ناوەکی و دەرەکی بی بجولێنین و لەگەڵ زانست وزانیاری بیبەستێنینەوە. هەر وەک چۆن ماست دەخرێتە مەشکەوە کەرەو دۆوی لێ دەرئەکرێ، ئا بەم شێوەیە یادەوەریی دەستەجەمعی و بەکۆمەڵ بشڵەقێنی، داهێنان بەرهەم دەهێنێ، داهێنان لە وێنەی پەندی پێشینان.

لێرەدا ئەم پەندە (ئاشی نەزان خوا ئەیگێڕێ) لەخورا نەگوتراوە، پەندێکە باکگراوندی زانستیی هەیە، باس لە کایەو گەمەی یادەوەریی دەکا. ئەگەر پەندەکە کەرت بکەین ئەوە دەبێتە دوو بەشەوە، بەشی یەکەم، ئاشی نەزان بەواتای یادەوەریی بەتاڵ، یادەوەرییەک کە ئیشی لەسەر نەکراوە بەدرێژایی مێژوو، یادەوەرییەک کە لە دەرەوەی بازنەی مێژوو لەنگەری گرتووە، بەشی دووەم کە دەڵێ خوا دەیگێڕێ.

لەم ئاستەدا ئەگەر بەشێوەی میتافوری چەمکی خوا ئەنالیزە بکەین، خوا بەشێوەیەک لە شێوەکان بەواتای دەنگی گەل، خوا بەواتای تێکئالانی تێکرای یادەوەرییەکان، خوا بەواتای یادەوەریی هەڕەمەکی (عشوائی)کە لە هەموو کات وساتێک دا زیندووەو ئیشی خۆی دەکا و دەرئەنجام دەردێنێ. یادەوەرییەک کە لە ڕێگای جیناتەوە کونتاکت و تەماس لەگەڵ یەکتر دەگرن، هەموو یادەوەرییەک سیمبولی ناردن و وەرگرتنی هەیە، جیناتەکان وەک ئەوە وایە ئەنتێنیان هەبێ، بەشێوەی ئۆتوماتیکی تەماس دەگرن، زانیاری و وێنەو سیمبول و ئایکۆن دەگوازنەوە، لە یادەوەرییەکەوە بۆ یادەوەرییەکی دی.

ئەگەر بەشێوەی گریمان باس لە یادەوەریی هەشت ملیار مرۆڤ بکەین، لەساتەوەختی ئێستا و لەسەر ڕووی زەمین، ئەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە هەشت ملیارەکە یادەوەریی گشتی یەکانگیری گەردوونی هەیە کە پێکهاتووە لە تێکرای یادەوەرییەکان بە نەتەوەو زمانی جیاوازەوە، بەنەوەو جەنەراشیونی هەمەجۆرەوە، هەر چۆن ئەو پەندە دەڵێ (ترێ سەیری ترێ ئەکا ئاو ئەگرێ) بەم شێوازە یادەوەرییەکان کار لە یەکتر دەکەن، یادەوەریی بە تاڵ و نەزان لەلایەن یادەوەریی تژی و پڕەوە ئاڕاستە دەکرێ. دەشێ و دەکرێ یادەوەرییەک ئیشی یادەوەرییەکی دیکە بکا بەمەرجی فریکوینسیەکانیان لەسەر یەک پلەو لەسەر یەک ئاست بێت، ئەمە لە کاتێکدا کەرەستەی مەعریفی پێویست لە دوو توێی یادەوەریی دیاریکراودا هەبێ، کە لە پەندەکە دەڵێ یادەوەریی نەزان بە واتای یادەوەریی بەتاڵ، یادەوەرییەک کە توانای ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی نییە بەشێوەی سەربەخۆ هەر بۆیە بە شێوەی دوناودۆن (تناسخ وتقمص) بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ یادەوەرییەکان هاریکاری و هاوکاری یەکتر دەکەن. لەڕاستی دا شەپۆلی یادەوەرییەکان لە ئاسمان و فەزاو ئەتمۆسفێر دا، لە ڕێگای شەپۆلی کەرومۆگناتیسی یەوە ڕایەڵ و ئاڕاستەی یادەوەرییەکان یەکانگیری یەکتر دەبن، هەندێ یادەوەریی بەتاڵ دەبێتە باریکی گران بەسەر یادەوەرییەکانی دیکەوە، لەهەمانکاتدا یادەوەرییەکان خوشەویستی و شەڕانگێزی و ئیرەیی و ڕق و کینەو گیانی تۆڵەو تیایاندا هەیە، لێرەدا ئێمە بەشێوەیەکی ورد ناتوانین ئەنالیزەی یادەوەریی بکەین، ئاراستەو ڕەهەندو مەوداکانی دیاری بکەین، یادەوەریی چەند ئاسان و ڕوونە لەلایەک لە لایەکی دی تاریک و ئاڵۆزو سەختە سیمبولی شاراوەو ناشاراوەی دەستنیشان بکرێ.

لەڕاستی دا بەندە کاتێ کایەی نووسین ئەنجام ئەدەم دەڵێم ئێمە بەشێوەی کۆ، لێرەدا مەبەستی دیاریکراوم هەیە، مەبەستم ئەوەیە، بەندە لەم ساتەوەختەدا لەژێر کاریگەریی دەیان و سەدان یادەوەریی دیکە دایە بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کارم تێدەکەن منیش کاریان تێدەکەم.

بەواتایەکی دی من زمانحاڵی گروپێکی دیاریکراوم لە نێو دەسەڵاتی یادەوەریی بە کۆمەڵ، دەشێ سبەی و لەساتەوەختێکی دی یەکێکی دی ببێتە زمانحاڵی ئەم گروپە لە نێو کایەی یادەوەریی هەمەرەکی بەپێی گەمەی کێش، یادەوەرییەکان کار لە یەکتر دەکەن.

کاتێ یادەوەریی منال سەرەتا دەخرێتە بەر خوێندنی سەرەتایی لەبەرانبەردا وانەکانیش دیاری کراوە لە شێوەی زمان و ماتماتیک و زانیاری و وەرزش و وێنە کێشان. لەسەرەتا دا پانتاییەکی زیاتر بۆ یادەوەریی منال ڕەخساوە کە گەمە بکاو چێژ لە ساتەوەختی سەردەمی منالی وەرگرێ، بەلام دواتر دەبینین بەپێی ساڵەکان وانەکان زیاترو قورستر دەبن لەبەرانبەردا تاقیکردنەوەکانیش قورسترو سەختر ئەبن، ئیدی قوناغەکانیش دابەش کراوە بۆ سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی دواتریش بەپێی ئاستی بەرزو کەمی نومرە لە زانکۆو پەیمانگاکان وەردەگیرێ، مەبەست لەم ڕیز بەندی و پلە سازی یە ئەوەیە یادەوەریی پڕ بکرێ بە کایەکانی مەعریفی و زانستی و زانیاری بەشێوەیەک کە یادەوەریی ئامادەو فەراهەم بکرێ بۆ پروسەکانی ئایندە کە یادەوەریی تاک بێتە بەشێکی زیندوو لە یادەوەریی کۆچ لە بواری پەروەردە یاخود لە بواری ئیش و پیشەکان دا، بەم شێوەیە ئەندامی کاراو چالاک بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە ئامادە دەکرێ بەرەو ئایندەیەکی ڕوون و گەش. بونیاتنان و دروستکردنی کەسایەتی و یادەوەرییەکان ڕێک چەشنی دروستکردنی ساختمان و کۆشک و تەلارسازییە، هەر چۆن سەرەتا لەسەر ئەرزێکی ڕەق بناغەو تەمبەڵ لێ ئەدرێ دواتر بۆڕی ئاوو ئاوڕۆ دادەمەزرێ بەدوای ئەودا پەنجەرەو دەرگاو بنمیچ ساز دەکرێ تا وەکو بەرگەی سەرماو گەرمای ڕۆژگار بگرێ هەروا پێش لەبخ و گەچ کردن بۆڕی کارەبا ڕادەکێشرێ کە گەچ کرا بۆیاخ دەکرێ وەک لایەنێکی ئیستاتیکی و جوانکاری، ئا بەم شێوەیە یادەوەریی بناغەی بۆ دائەنرێ چ لە بواری پەروەردە یان لە بواری فێرکردن دا، دەبێ یادەوەریی فەراهەم بکرێ بۆ ئایندە بە چەکی مەعریفی.

لێرەدا ڕۆڵی پارتە سیاسیەکان دێتەکایەوە لە پەروەردەکردنی یادەوەریی تاک بەشێوەیەک کە لە خزمەتی حزب وەک ئامرازو ئامانجەکانی کە لە دوا ویستگادا خزمەتکردنی کۆمەڵگەیە!!. لەڕاستی دا شەڕی ناوخۆی پارتە سیاسیەکان شەڕکردنە لەسەر قورخ کردنی یادەوەریی.

هەر وەک دەڵێن (هەموو ڕێگاکان دەچنەوە بانە) هەموو شیکردنەوەو ئەنالیزەو باس کردنی کایەو گەمەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و مەعریفی دەگەرێتەوە سەر ململانێ لەسەر یەکەی یادەوەریی، ململانێ لەسەر ئاراستەکردنی یادەوەریی، ململانێ و کێ بەر کێ لەسەر قورخ کردنی یادەوەریی. سەرجەم یادەوەرییەکان لەبەرەی مردوو و زیندووان دا ڕۆڵی خوداوەند دەگێڕن کەواتە خوداوەند ئالتەرناتیڤی هەیە.

لەڕاستی دا مرۆڤ نامرێ، ئەوە تەنیا جەستەی مرۆڤە کە دەمرێ و دەرزێ و دەبێتە کرم، بەلام ڕوح و گیانی یادەوەریی تەزوو تەوژم و شەپۆلێکی کارەبایی و ئەلکترونی یە، هەموو یادەوەرییەک بە پێی جینات و زانستی بۆماوەیی ژمارەو کۆدی تایبەتی خۆی هەیە، فریکوینسی یادەوەریی لە شێوەی شەپۆلی کهرومۆگناتیسی لە فەزاو ئەتمۆسفێر دەمێنێتەوە تەنانەت دوای مردنی جەستەش، بەلام ڕوح و گیانی یادەوەریی بەهیچ شێوەیەک لە نێوناچێ، هەر چۆن پێناسەی (مادە) بووەو دەبێ، شێوەیەکی ئەزەلی یی هەیە (لاتفنی ولاتستحدث) بە واتایەکی دی ڕوحی یادەوەریی چەمکێکی فیزیاوی ماتریالی یە.

لە کۆتایی دا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە دوژمنان، میللەتی کوردیان بە دواکەوتوویی هێشتۆتەوە مەبەست ئەوەیە یەکێ لە ئامرازەکانی داگیرکردنی گەلان پەکخستن و سەقەت کردنی یادەوەیی یە بە ڕێگای جوراوجۆر، ئاخۆ لە نێو میللەتی کوردا تا ئێستا چەند یادەوەریی پەکخراون، چەند یادەوەریی سەقەت کراون، چەند یادەوەریی لە پەراوێزی کۆمەڵگە دەژی، چەند یادەوەریی لە دەرەوەی مێژووی چێژ وەرگرتن لە ژیان دەژی، لە کۆمەڵگای کوردستان دا تا ئێستا چەند نەخوێندەوارمان هەیە وەک ئاشی نەزان ئەرکی بەسەر یادەوەرییەکانی دیکەوەیە بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لە کۆمەڵگەی کوردستان چەند قەیرەکچ و بێوەژنمان!! هەیە لە دەرەوەی بازنەی پروسەی ژیان و چێژ وەرگرتن فەرامۆش کراون.

بەڵێ کومەڵگەی کوردستان تائێستا نەکراوەتەوە کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێنەر، دەستی کاری زیرەک و هوشیار تیا کەمە، خەمی پارتە سیاسی یە ڕاستەقینەکان ئازاد کردنی کۆمەڵگەی کوردستانە بە تێکرای یادەوەرییەکانی، بە نیرو مێ یەوە تا وەکو بەشێوەیەکی پروفیشینال پەروەردە بکرێن و ئاکام ئاسودەو بەختەوەر بن.

********



## حەسەن جودی: لەڕاستیدا هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە تەواو پەیوەستە بە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی ناوەندگەرا، نەتەوەگەرا و بونیادە فاشیستییەکەی کۆماری تورکیا...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز حەسەن جودی نووسەرو ڕۆژنامەوان... سەبارەت بە پەیامی عەبدوڵا ئۆجەلان و پرۆسەی ئاشتی و ڕێکەوتنی جۆلانی و مەزڵوم عەبدی...

**بۆپێشەوە: چ لە پەیامەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و چ لە لێدوانی سەرانی تورکیادا، باسێک لە کیشەی نەتەوایەتی لە تورکیادا نییە، لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**حەسەن جودی:** تەوەری بنچینەیی بانگەوازییەکە ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتییە، پرسی کورد و دیموکراتیزەکردنی تورکیا، بە سیستەمی کۆمار و کۆمەڵگەکانییەوە چەقی بانگەوازییەکەیە، لە تورکیا و باکووری کوردستاندا، ناتوانرێت بەبێ پرۆسەی ئاشتی باس لە چارەسەری پرسی کورد و دیموکراتیزەبوون بکرێت. بانگەوازییەکە بۆ ئەوەیە ئەو دۆخەی شەڕ و توندوتیژییەی زیاتر لە ٤٥ ساڵە لەنێوان دەوڵەت و تورکیا لەئارادایە، بگوازرێتەوە بۆ دۆخی سیاسی و یاسایی و گۆڕەپانی دیموکراتیی بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی و ململانێیەکانی نێوان دەوڵەت و کورد، بەڵام هەردوولا لەم ناکۆکی و ململانێیەدا گەیشتوونەتە خاڵی خۆدووبارەبوونەوە، نە دەوڵەت توانی کورد و بزووتنەوە ئازادیخوازییەکەی لەناوببات، بەپێچەوانەوە ئێستا کورد و بزووتنەوەکەی لەوپەڕی هێز و توانست دایە و لەبری بژاردەیەک چەندین بژاردەی لەبەردەم دایە، نە کورد و بزووتنەوە ئازادییخوازییەکەیشی توانیان دەوڵەت بڕووخێنن، ئێستا هەردوولا لەئاستی هاوسەنگی هێزدان، تورکیا بەرەو ئەو دۆخە دەڕوات کە ئەو هاوسەنگییەش لەدەست بدات، هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بەخێرایی تورکیا بەرەو هەڵدێری پووکانەوە و داڕووخان بچێت، تورکیا یەکەمجارە لەمێژووی خۆیدا وەک دەوڵەت لەبەردەم هەڕەشەیەکی وجودی و بونیادی هەڵوەشانەوە و داڕووخان دابێت. کەواتە ئەوەی بە شەڕ و توندوتیژی نەکراوە ململانێ و ناکۆکییەکان یەکلایی بکرێتەوە، دەکرێ لە لەمیانەی ئاشتیی نێوان هەردوولا و لە گۆڕەپانی دیموکراتیدا بە یاسایی و سیاسەتی دیموکراتی یەکلایی بکرێتەوە، ئەوەی دەبێت یەکلاییش بکرێتەوە و چارەسەر بکرێت پرسی کورد و دیموکراتیزەبوونە، کە تەواو تێکهەڵکێشی یەکتر بوونە، نە پرسی کورد بەبێ دیموکراتیزەبوون چارەسەر دەکرێت، نە دیموکراتیزەبوونی سیستەمی کۆمارت تورکیا بەبێ چارەسەریی پرسی کورد دێتەدی.

**بۆپێشەوە: لاتان وایە دەوڵەتی تورکیا بەدوای چارەسەری پرسی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستانەوەیە یان هەر بەدوای ئەوەیە کە پەکەکە هەڵبوەشێتەوە و چەک دابنێت؟**

**پێویست دەکات پەکەکە خۆی و شێوازەکانی تێکۆشانی خۆی نوێبکاتەوە و بیانگۆڕێت. بۆیە لەم پرۆسەیەدا تورکیا هەنگاوی ئاشتیخوازانە بنێت یان نا، پەکەکە خۆی نوێدەکاتەوە و بەگوێرەی قۆناخی نوێی تێکۆشانی دیموکراتی و دۆخی نوێی جیهان و ناوچەکە خۆی دەگۆڕێت..**

**حەسەن جودی:** باسم لە چەمک و واتای "هەڵوەشانەوەی پەکەکە" کرد کە بە چ واتایەک دێت. لەڕاستیدا هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە تەواو پەیوەستە بە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی ناوەندگەرا، نەتەوەگەرا و بونیادە فاشیستییەکەی کۆماری تورکیا. چونکە لەدایکبوون و پەرەسەندنی پەکەکە دەرهاویشتەی ئەو سیستەمە نکۆڵیکار و فاشیستەی تورکیایە. بۆ ئەوەی هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە (وەک بزووتنەوەیەکی ئازادیی و شۆڕشگێڕیی نەیار و دژە دەوڵەتگەرایی و فاشیست) و بوونی بە بزووتنەوەیەکی سیاسیی، یاسایی، ئاشکرایی، دەبێت بونیادی ئەو دەوڵەتە هەڵوەشێتەوە کە بووەتە هۆکاری لەدایکبوونی پەکەکە و دواتریش دەستکردن بە تێکۆشانی گەریلایی. چەکدانانی پەکەکەش هەر پەیوەستە بە ڕەخساندنی زەمینەی سیاسەتی دیموکراتی و یاسایی و دەستووریی بۆ گەلی کورد و بزووتنەوە ئازادیخوازییەکەی. هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە، بەو واتایەی باسمکرد، پەیوەستە بە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی دەوڵەتی نکۆڵیکار و فاشیستی تورکیا.

بەڵام لەدیوێکی دیکەدا، بۆ ئەوەی خێرایی بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستەمە فاشیستییەی تورکیا بدرێت، پێویست دەکات پەکەکە خۆی و شێوازەکانی تێکۆشانی خۆی نوێبکاتەوە و بیانگۆڕێت. بۆیە لەم پرۆسەیەدا تورکیا هەنگاوی ئاشتیخوازانە بنێت یان نا، پەکەکە خۆی نوێدەکاتەوە و بەگوێرەی قۆناخی نوێی تێکۆشانی دیموکراتی و دۆخی نوێی جیهان و ناوچەکە خۆی دەگۆڕێت، بەتایبەتی لەڕووی ئۆرگانیزاسیۆن و ڕێکخستنبوون، لەچوارچێوەی پارادایمە نوێکەیدا، شێوە بەخۆی دەداتەوە، ئامانج لەم خۆنوێکردنەوە و خۆگۆڕینەش زیاتر بە بەڕێکخستنبوون و بە ئیرادەکردنی گەل و کۆمەڵگەیە بۆ بەرەوپێشەوەبردنی زیاتری تێکۆشانی ئازادیی و بەرگری ڕەوای خۆی. ئەمەش تورکیا ناچاری گۆڕانکاریی و وەرچەرخانی دیموکراتی دەکات. بەکورتییەکەی ئەوەی تێکۆشانی گەریلایی بەدیهێناوە و پێیگەیشتووە، لە قۆناخی نوێدا گەل تەواوی دەکات و دەیگەیەنێتە سەرکەوتن.

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی تورکیا، لەژێر کاریگەریی بانگەوازییەکەی ڕێبەر ئۆجەلاندا بووە، کە قۆناخێکی نوێی لە تورکیا دەستپێکرد. چونکە تا ئێستا دەسەڵاتی ئاکەپە، لە پشت شەڕکردن لە دژی کورد و پەکەکە، کە پێدەڵێت "شەڕ دژ بە تیرۆر"دا زۆرترین گەندەڵی و ستەمکاریی و ڕێکاری نایاسایی پەیڕەو کردووە، لەئەگەری پێشەوەچوونی زیاتری کاریگەرییەکانی ئەم بانگەوازییە و پرۆسەی ئاشتی، ئیدی تورکیا ناتوانێت لەپشت ئەو شەڕکردنەوە خۆی و ستەمکاریی و گەندەڵییەکانی بشارێتەوە و چیدی ناتوانێت بەردەوامی بە بازرگانێتی شەڕ و خوێن بدات.

**بۆپێشەوە: هەڵوەشاندنەوەی پەکەکەو چەک دانانی، دەتوانێت پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان و ستەمی نەتەوایەتی وەڵام بداتەوە؟**

**حەسەن جودی:** بەڵێ، لەو چوارچێوەیەی باسم لێیەوە کرد، زەمینەی چارەسەریی پرسی کورد و ستەمی نەتەوایەتی بڕەخسێنێت. سیستەمی کۆمار بگۆڕێت و دەستوورێکی نوێی دیموکراتی، کە تێیدا چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد و گەلانی دیکە و دیموکراتیزەکردنی تورکیا مسۆگەر بکات. تورکیا یان پرسی کورد چارەسەر دەکات و سیستەمەکەی کۆمار دیموکراتیزە دەکات و کۆمارێکی دیموکراتی بونیاد دەنرێت، یان ڕووبەڕووی دەستتێوەردانی دەرەکی دەبێتەوە و ئەگەرەکانی داڕووخان، لێکهەڵوەشانەوە و پارچەبوون، سەرلەنوێ دیزایینکردنەوە دەبێتەوە. لەهەردوو بار و دۆخدا، ئیدی سەردەمی نکۆڵیکردن لە پرسی کورد ناوزەدکردنی بزووتنەوە ئازادیخوازەکەی کۆتاییهات، سەردەمی ئازادیی کورد و گەیشتن بە مافەکانی دەستپێکردووە، لەئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا کورد و بزووتنەوەکەی توانستی بەدەستهێنانی دەستکەوتی نەتەوەیی و دیموکراتی زۆر بەهێزە.

**بۆپێشەوە: ئایندەی هەسەدە لەلایەک و پرسی کورد لە سوریای دوای ئەسەد چۆن دەبینن؟ بەتایبەتی کە تورکیا هێندەی دژی پەکەکەو کیشەی کوردە لە تورکیادا، هێندەش دژی دەسەڵاتی خۆبەڕیوەبەری ڕۆژئاوا و کێشەی کوردە، لە سوریادا؟ جیا لەوەش دەسەڵاتی دیمەشق، گوێڕایەڵی ئەنقەرەیە؟**

**لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی فاشیستی ئەسەد، هەم دەرفەتی چارەسەریی پرسی کورد لە ڕۆژئاوا ڕەخساوە، هەمیش پێگەی کورد، خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتی باکوور-ڕۆژهەڵاتی سوریا (ڕۆژئاوا) و هەسەدەش زیاتر و بەهێزتر بووە، تەنانەت لەئاستی خۆهەڵاتی ناوین و جیهاندا بەهێزتر و تۆکمەتر بووە. مسۆگەر لە ئاییندەشدا زیاتر و بەهێزتر دەبێت.**

**حەسەن جودی:** لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی فاشیستی ئەسەد، هەم دەرفەتی چارەسەریی پرسی کورد لە ڕۆژئاوا ڕەخساوە، هەمیش پێگەی کورد، خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتی باکوور–ڕۆژهەڵاتی سوریا (ڕۆژئاوا) و هەسەدەش زیاتر و بەهێزتر بووە، تەنانەت لەئاستی خۆهەڵاتی ناوین و جیهاندا بەهێزتر و تۆکمەتر بووە. مسۆگەر لە ئاییندەشدا زیاتر و بەهێزتر دەبێت. سوریا بەگشتی و خۆبەڕێوەبەرێتی دیموکراتی پاروویێکی ئەوەندە زل و گرانە هەرگیز بە تورکیا

داناقورتێنرێت و هەرس ناکرێت. ئەو هێزانەی لەپشت ڕووخانی رژێمی ئەسەدەوە بوون، کە ئەمریکا، ئینگلتەڕا و ئیسرائیل بوون، تورکیا لە هاوکێشەی سوریا بەدەردەنرێت، ئەو هێزانە وەک چۆن هێزە چەتەکانی سوریا بە سەرکردایەتی ئەحمەد ئەلشەرعیان لە ڕووخانی رژێمی سوریا بەکارهێنا، بەهەمان شێوەش پێگەی تورکیاشیان بەکارهێنا، واتا تورکیا هەر بەقەد ئەحمەد ئەلشرع و چەتەکان رۆڵیان هەبووە لە رووخانی رژێمی سوریا، لەمەودواش هەر بەقەد ئەحمەد ئەڵشرع و چەتەکانی رۆڵیان دەبێت. تورکیا رووخانی رژێمی سوریای بە سەرکەوتن بۆخۆی لەقەڵەم دا و پێی وابوو دەتوانێت شوێنی ئێران لە سوریا بگرێتەوە، بەڵام راستییەکەی سەرکەوتنێکی کاتیی بوو بۆی، تورکیاش وەک ئێران لە هاوکێشەی سیاسیی و تەنانەت ئابووری سوریاش وەدەردەنرێت. وەک چۆن لەهەموو پرۆژە ستراتیژییەکانی ئەو هێزانە لە ناوچەکە وەدەرنراوە.

ئەو پێگەیەی کورد و خۆسەری دیموکراتی و هەسەدە هەیەتی، تورکیای تەنگەتاو کردووە، بەڵام ناتوانێت زەبری کوشندەی لێبدات. بۆیە دەخوازێت هەرچۆنێک بێت لەڕێی ئیدارەی کاتیی سوریاوە دژ بە کورد و هەسەدە ئەنجامی بدات. بەڵام ئەو ئیدارەیەی دیمەشق ناتوانێت تەواو گوێڕایەڵی تورکیا بێت، چونکە ئەمریکا، ئینگلتەڕا و ئیسرائیل سەرپەرشتی پرۆسەی بونیادنانی سوریای نوێ دەکەن، دۆسیەی سوریا لەلای خۆیانە و لەڕێی دەوڵەتانی وەک سعودیا و ئیمارات دواهەمین فۆرمیل بە سوریا دەدەن.

وا پێشبینی دەکەم کە هەسەدە دەبێتە ناوک و هەیکەلی سوپای سوریای داهاتوو، نەک بچێتە ناو سوپای میلیشیای چەتەکانەوە. ڕەنگبێ چەکدارانی سوپای ئازاد کە پێشتر لە تەنەف بوون، لەگەڵ چەکدارانی دوورزییەکان و ئەو بیستوپێنج هەزار شەڕڤانەی ئەگەری هەیە بۆ هەسەدە زیاد بکرێت، ببنە ناوکی سوپای نوێی سوریا و هەیکەلە نوێیەکەی، چونکە هەسەدە بەشێوەی میلیشیا ڕێکنەخراوە و هەیکەلەکەی هەیکەلێکی سەربازیی سوپایی وەرگرتووە. بێگومان کوردیش لە سوریای داهاتوودا پێگەیەکی زۆر بەهێزی دەبێت و دەتوانێت رۆڵ و کاریگەریی لە دارشتنی دەستووری نوێی سوریا و بونیادنانی سیستەمی سیاسی و ئیداریی سوریادا مەزن و بەرچاو دەبێت.

بێگومان بانگەوازییەکەی ڕێبەر ئۆجەلان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بەهێزکردنی پێگەی کورد و هەسەدە و ڕێککەوتنەکەی نێوان هەسەدە و ئیدارەی کاتیی سوریا هەبوو. بۆیە دەکرێ بڵێین سەردەمێکی زێڕینی کوردان لە سوریا و خۆرهەڵاتی ناوین دەستیپێکردووە.

**بۆپێشەوە: تا ئیستا دەسەڵاتی هەسەدە لە کۆمەک و پشتیوانی ئەمریکاو غەرب بەهرەمەندە، ئەو دەسەڵاتە بە کۆتایی هاتنی پشتیوانی ئەمریکا و غەرب، چارەنووسی چی بەسەر دێت؟**

**حەسەن جودی:** بەر لەهەموو شتێک دەسەڵات بەدەست هەسەدەوە نییە، بەڵکو سیستەمێکی خۆبەڕێوەبەرێتی دیموکراتی هەیە، ئەنجوومەنی سوریای دیموکراتیی هەیە، ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرێتی هەیە، هەسەدەش وەک هێزێکی سەربازیی شەڕڤانان، سەر بەو دوو ئەنجوومەنەیە. ئەو سیستەمی خۆبەڕێوەبەرێتییە و خودی هەسەدەش بە فەرمان و ڕێنمایی ئەمریکا و دەوڵەتانی خۆرئاوا دانەمەزرێنراوە، بەڵکو لەئەنجامی پرۆژەیەکی دیموکراتیی و فەلسەفەی دیموکراتی و دیموکراتیی راستەوخۆ دامەزراوە و بەرەوپێشەوە چووە و هەر بەوشێوەیەش بەردەوام دەبێت. راستە هەبوونی ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکانی دژ بە داعش لە رۆژئاوا، رۆڵی لە بەهێزکردن و تۆکمەکردنی خۆبەڕێوەبردنەکەدا هەبووە و هەیە.

بەڵام لەئەگەری بەجێهێشتنی ئەمریکا، هەرچەندە ئەگەرێکی دوورە، رەنگبێ هێزەکانی دیکەی هاوپەیمانان بمێننەوە، لەئەگەری رۆیشتنی هەموو هێزەکانی هاوپەیمانان بەئەمریکاشەوە، کاریگەرییەکی جددی لەسەر پێگەی رۆژئاوا، کورد و هەسەدە نابێت، چونکە ئەو خۆبەڕێوەبەرێتییە بە ئیرادە و پشتیوانی خودی کورد و گەلانی دیکەی باکوور–رۆژهەڵاتی سوریا بەدیهاتووە، وە لەئەگەری هەر هێرشێک بۆسەر ئیدارەی خۆسەری دیموکراتی باکورو ڕۆژئاوای سوریا، دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی تەواو دەچێت و سەرلەنوێ داعش خۆی بنیات دەنێتەوە، هەربۆیە بۆ هەموو هێزەکان ئاسایشی ناوچەکە گرنگە، هەربۆیەش ئەمریکا و هاوپەیمانان رۆڵیان لە بەهێزکردن و پاراستنیدا هەبووە و هەیە، بەڵام یەکلاییکەرەوە نییە. بەڕای من ئەوە ئەگەرێکی دوورە لەئێستادا.

**بۆپێشەوە: کاریگەری ئەوەی پێی دەوترێت "پرۆسەی ئاشتی" لەسەر هەرێمی کوردستان لە باشور چی دەبێت؟**

**حەسەن جودی:** مسۆگەر کاریگەریی زۆری لەسەر دۆخی هەرێمی کوردستان و ئێراقیش دەبێت. کاریگەرییەکان بەگشتی ئەرێنی دەبن. پێم وایە کاریگەریی تورکیا لەئاستی سەربازی و ئاسایشی کەمتر دەبێتەوە، لەئەگەری بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەی ئاشتی، تورکیا ناچارە هەموو بنکە سەربازیی و ئەمنییەکانی لە باشووری کوردستان بکشێنێتەوە و بگەڕێنێتەوە بۆ تورکیا. هەروەها پشتیوانییە هەمەلایەنییەکانی تورکیا لە دەسەڵاتی حزبە دەسەڵاتدارەکان کەمتر دەبێتەوە، ئەمەش زەمینەی تێکۆشانی دیموکراتیی کۆمەڵگە لە باشوور زیاتر دەڕەخسێنێت. پێم وایە لەگەڵ خۆیدا گۆڕانکاریی جددی لە باشوور لەئاستی دەسەڵات و کۆمەڵگەدا دێنێتە ئاراوە.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە ڕیکەوتنی ئەحمەد شەرع و مەزلۆم عەبدی؟ ئایا ئەم ڕیکەوتنە تا چەندە شانسی بە کردەوە دەرهاتنی هەیەو دەتوانێت چارەسەری پرسی کورد لە سوریا بکات؟**

**حەسەن جودی:** ڕێککەوتنەکە هەنگاوێکی جددی و گرنگ بوو، هەم بۆ مسۆگەرکردنی ماف و ئازادییەکانی کورد و گەلان و باوەڕمەندییەکان، هەمیش دەبێتە بنەما بۆ دارشتنی دەستوور و سیستەمی نوێی سوریا. لەو باوەڕییە دام، خودی ئەحمەد ئەلشەرع و جەماعەتەکەی هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لە دارشتنی دەقی ئەو ڕێککەوتنە هەبێت، ئەوەی مرۆڤ دەتوانێت ببینێت ڕێککەوتنەکە زیاتر لەنێوان هەسەدە و دەوڵەتانی وەک ئەمریکا و فەڕەنسایە، تا ئەحمەد ئەلشرع. دەقی ڕێککەوتنەکە و ئەقڵییەتی ئەحمەد ئەلشرع ئاسمان و ڕێسمانیان لەنیواندا هەیە.

**بۆپێشەوە: لە ڕیکەوتنی مەزلۆم عەبدی و جۆلانیدا، هەم دان بەمافی هاوڵاتی بوون و هەم پرسی کورددا نراوە....کەچی چەند رۆژ دوای ئەوە دەستوری کاتی کە جۆلانی ئیمزای کرد، پێچەوانەی ئەم مافانەیە... بەتایبەت کە سوریا، وەکو سوریای عەرەبی پێناسە دەکات، ئەمەش بەکردەوە هاوڵاتیانی کورد زمان دەکاتە پلە دوو، لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**حەسەن جودی:** وا مەزەندە دەکەم دەستوورەکە لە ئەنقەرە نووسرابێت و رەوانەی دیمەشق کرابێت و ئەحمەد ئەلشرعیش هەم بۆ راگرتنی دڵی تورکیا و گرووپە چەکدارەکانی دیکە، هەمیش بۆ لەدەست نەدانی پشتیوانییەکان تورکیا و گرووپە چەکدارەکان تا لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، واژۆکردنی ئەو دەستوورە لەلایەن ئەلشرعەوە تەنیا بۆ رازیکردنی تورکیا و گرووپە تیرۆریستەکان و مانەوەیەتی لەدەسەڵاتدا. لە بنچینەدا ئەو دەستوورە هەموو شتێکە تەنیا دەستوور نییە، بە ئەقڵی فیقهی ئیبن تەیمیە نووسراوە، دەستوورێکی تا دواڕادە کۆنەپەرست، سەلەفی، مەزهەبگەرا، ناوەندگەرا و دژە دیموکراتی و دژە ئازادیی، دژە ژن، دژە گەلان و باوەڕمەندییەکانە، ڕێک پێچەوانەی ڕاستینەی گەلان و باوەڕمەندییەکانی سوریایە. تەواو ناکۆک و دژ بە ڕێککەوتنە هەشت خاڵییەکەیە.

ئەم دەستوورە لەلایەن گەلی کورد و دوروزی و عەلەویی و عەرەبە سوونییە دیموکراتیخوازەکان و عەلمانییەکان رەتکراوەتەوە و هەرگیز ناکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. لەڕاستیدا ئەقڵییەتی ئەلشرع و جەتەکان لەگەڵ ئەقڵییەتی دیموکراتی و خۆسەری دیموکراتی باکوور–رۆژهەڵات ناکۆکە، هەروەها لەگەڵ سیاسەتەکانی ئیسرائیل و ئەو دەوڵەتە رۆژئاواییانەش ناکۆکە کە ئەلشرعیان هێناوەتە سەر دەسەڵات. بۆیە ئەوەی دیارە ئەو ڕەشنووسی دەستوورە نابێتە بنەما بۆ دارشتنی دەستووری داهاتوو و سیستەمی نوێی سوریا.

*********

**لە بنچینەدا ئەو دەستوورە سوریا هەموو شتێکە تەنیا دەستوور نییە، بە ئەقڵی فیقهی ئیبن تەیمیە نووسراوە، دەستوورێکی تا دوا ڕادە کۆنەپەرست، سەلەفی، مەزهەبگەرا، ناوەندگەرا و دژە دیموکراتی و دژە ئازادیی، دژە ژن، دژە گەلان و باوەڕمەندییەکانە، ڕێك پێچەوانەی ڕاستینەی گەلان و باوەڕمەندییەکانی سوریایە. تەواو ناکۆك و دژ بە ڕێککەوتنە هەشت خاڵییەکەیە.**

**ئەم دەستوورە لەلایەن گەلی کورد و دوروزی و عەلەویی و عەرەبە سوونییە دیموکراتیخوازەکان و عەلمانییەکان رەتکراوەتەوە و هەرگیز ناکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. لەڕاستیدا ئەقڵییەتی ئەلشرع و چەتەکان لەگەڵ ئەقڵییەتی دیموکراتی و خۆسەری دیموکراتی باکوور-رۆژهەڵات ناکۆکە، هەروەها لەگەڵ سیاسەتەکانی ئیسرائیل و ئەو دەوڵەتە رۆژئاواییانەش ناکۆکە کە ئەلشرعیان هێناوەتە سەر دەسەڵات. بۆیە ئەوەی دیارە ئەو ڕەشنووسی دەستوورە نابێتە بنەما بۆ دارشتنی دەستووری داهاتوو و سیستەمی نوێی سوریا.**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# ئەلیف شەفیق لە پەیوەند بە تورکیا و خۆپیشاندانەکانیدا دەنووسێت:

نوکتە لەتورکیادا شتێکی پێکەنیناوی نییە، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دڵەڕاوکێو سەرکوتکردن، هەڵگری بیرێکی قوڵی خەم و پەژارەیە. یەکێک لەنوکتە باوەکانی ئێمە لەم ڕۆژانەدا ئەمەیە: ڕۆژنامەنووسێک لەپشت شیشی زیندانەوە لەپاسەوانەکەی دەپرسێت ئایا هەندێک کتێبی هەیە بیخوێنێتەوەو پرسیار دەربارەی ڕۆمانێکی دیاریکراو دەکات. پاسەوانەکە دەڵێت: "نا، ئێمە ئەو ڕۆمانەمان نییە، بەڵام نوسەرەکەیمان لایە"!

تورکیا لە مێژە بووە بەیەکێک لەخراپترین زیندانەکانی جیهان بۆ میدیاکارانی پیشەیی، ئەکادیمیستو چالاکوانانی مافی مرۆڤ، بەپێی پێوەرەکانی ئازادی ڕۆژنامەگەریی جیهانی پەیامنێرانی بێ سنوور لەساڵی (٢٠٢٣)دا تورکیا لەڕیزبەندی ١٦٥هەمیندایە لەکۆی ١٨٠ وڵاتدا، تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی زۆرترین ژمارەی زیندانیکراوی هەیە لەئەورووپادا.

**لە بەشێکی تری وتارەکەیدا دەڵێت:**

بە ملیۆنان کەس، چ لە تورکیا و چ لە سەرانسەری ڕەوەندی تورکی، لە بەرامبەر ئەم نادادپەروەرییە ئاشکراو سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیدا تووشی شۆک و تووڕەیی بوون. نارەزایەتییەکان لەسەرانسەری وڵاتدا سەریانهەڵداو لانیکەم لە ٥٥ پارێزگا لە کۆی ٨١ پارێزگاکەی تورکیا خۆپیشاندانو گردبوونەوەیەکی بەرفراوان ئەنجامدراون، سەرەڕای هەوڵی حکومەت بۆ ڕێگریکردن لەخۆپیشاندانەکان. ئەوەی کە خۆپێشاندان بە قەبارەیەکی وا فراوان لە وڵاتێکدا ڕوودەدات کە ئازادی میدیای تێدا لەناوچووەو نزیکەی هەموو کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لەژێر سانسۆرێکی توندداں، خۆی لەخۆیدا جێگەی سەرنجە. ماڵپەڕی هیومان ڕایتس وۆچ بڵاویکردەوە، "کاربەدەستانی حکومەت سپرای بیبەرو گازی فرمێسکڕێژو فیشەکی پلاستیکی و لولەی ئاویان دژی خۆپیشاندەران بەکارهێناوەو ژمارەیەکی زۆریان برینداکردووە". نزیکەی هەزار و ٩٠٠ کەس دەستگیرکران، تەنانەت ڕۆژنامەنووسانیش کە ڕووماڵی ڕووداوەکانیان دەکرد دەستگیرکراون.

**هەروەها دەنوسێت:**

ئەمە نەوەیەکی نوێیە کە دەیەوێت بەکەرامەتو ئازادیو دیموکراسی بژی. ئەوان گۆڕانکارییان دەوێت.

ژنان لەم نارەزایەتیانەدا ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن. لەوتارێکی کاریگەردا، دیلێک ئیمام ئۆغلۆ هاوسەری ئیمام ئۆغلۆ قسەی بۆ خەڵکەکە کردو تیشکی خستە سەر ئەوەی کە چۆن "هەموو کەسێک شتێکی لەخۆی و ئەو نادادپەروەرییانەی کە ڕووبەڕووی بووەتەوە لەوەی بەرامبەر ئەکرەم کراوە" دەبینێتو دەدۆزێتەوە. ژنانی تورکیا بەهەموو پاشخانەکانەوە دەزانن کە کاتێک وڵاتێک بەرەو دیکتاتۆریەتو خۆسەپێنی دەخلیسکێت، یەکەم زیان بەر مافەکانی ژنان دەکەوێت. پارتی دادو گەشەپێدانی ئەردۆغان لەڕێککەوتننامەی ئەستەنبوڵ کشایەوە، کە پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتییەو قوربانیانی توندوتیژی خێزانی دەپارێزێت. ئەمەش لەوڵاتێکدا کە ڕێژەی ژنکوژیو توندوتیژی دژی ژنان لەزیادبووندایە.

بەڵام ئەوە گەنجانی تورکیان کە لەپێشەنگی نارەزایەتییەکان بوون. ئەمە نەوەیەکی نوێیە کە دەیەوێت بەکەرامەتو ئازادیو دیموکراسی بژی. ئەوان گۆڕانکارییان دەوێت. هەروەها بەشێوەیەکی درەوشاوە داهێنەرن. ڤیدیۆی خۆپیشاندەرێک کە جلوبەرگی پیکاچۆی لەبەردا بوو لەدەستی پۆلیسی ئاژاوەگێڕان هەڵدێت، لەسەرانسەری جیهاندا بڵاوبووەوە. وێنەیەکی دیکەی سەرنجڕاکێش خۆپیشاندەرێک بوو کە دەمامکی غازی لەبەردا بوو، جلێکی دەروێشی سووڕاوەی لەبەردا بوو، بەهێواشیو بە ئارامییەوە دەسوڕایەوە کاتێک بەسپرای بیبەر گیرۆدە بوو. وێنەی کچە خوێندکارێک کە لەبەردەم تانکی پۆلیس دانیشتووەو کتێبی گرێبەستی کۆمەڵایەتی ژان ژاک ڕۆسۆی دەخوێندەوە، بیری هێنایەوە کە "هەموو مرۆڤێک بەئازادی لەدایکبووەو سەروەری خۆیەتی، کەسی دیکە ناتوانێت بەهیچ بیانوویەک ملکەچی بکات...

**تەواوی وتارەکەی ڕۆمانوسی ناوداری تورک، ئەلیف شەفەق لە "فاینەنشنال تایمز" بڵاوکراوەتەوە...**

## درێژەی دوا وتە

قازانج پەرستی و کەڵەکەی سەرمایە... ژمارەیەی سەرمایەدارەکان و مۆڵتی ملیاردێرەکان هەڵدەکشێت، و لە بەرامبەردا ئۆردوی نەداران و بێبەشان و هەژاران... نەک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و دواکەوتوو، بەڵکو لە ناوجەرگەی ئەمریکاو ئەورووپادا، بە وێنەی کۆشک و باڵەخانە هەور برەکان، هەڵدەکشێن... توانای بیناسازی و فیرکردن و پزیشکی... سەسام ئاوارە... کەچی بێخانەو لانەیی و ئۆردی بێ سەرەپاناکان و ژیان لەسەر شەقام و ناو میتیرۆ و ژێر پرد و سێبەری باڵەخانەکان و کەلاوەکان و ناو کارتۆن و خەوی سەفەری... فراوانترو فراوانتر دەبێت...ئاماری هەڵاتوان و ئاوارەکانی دەستی جەنگ، بەدەیان ملیۆن ئینسانە... ژمارەی ئەوانەی توانای فیربوونیان لێدەسەندرێتەوە، بەرینتر دەبێتەوە، نەخۆشییەکان و پەرینەوەو تەنینەوەیان... جەستەی ملیۆنەها ئینسانی هەڵتەکاندوە... بانگەشەی دیموکراسی هەدا نادات و قوبانیانی دیموکراسی هێندە زیادی کردووە، بەرواود بە قوربانیانی سیستەمە دیکتاتۆرە چنگ و بەخوێن و قەومی و دینییەکان، ناکرێت... دیموکراسی و سیستەمە بەناوکراوەکەی لەم سەردەمەدا بە ملیۆنەها ئینسان دەکاتە کردەی بەناو دیموکراسی... تەماشاکەن... جەنگ و ئابلۆقەی ئابوری و، جەنگی بە وەکالەت و راستەوخۆ... هەموو لەلایەن سەرانی دەوڵەتەکانی لانکی دیمکراسیەوە، ئاراستە دەکرێن و پشتیوانی لە رژێمە تیر نەبوو لە خوێن و کوشتار و سەرکوتەکان... لە لەلایەن ئەو جەنابانەی دیموکراسیەوە، دەکرێن و سەرپۆشی قازانج پەرستی سەرمایە تاوانە دڵهەژین و جەرگبرەکان دەشارێتەوە... تاڵیبان و ئوسامەکان، داعش و هاوشێوەکانی، لەلایەن کارکتەرە سیاسی و دەوڵەتە سەرمایەدارە دیمکراسیەکانەوە دروستکراون کە بەسەدان هەزار ئینسانیان قەسابی کردووە، بە بیناوی جەنگیش دژ بەو غولە خوێنرێژنەی ئیسلام... لەلایەن هەمان جەنابانی دیموکراسی و سەرمایەدارییەوە، بەسەدان هەزار ئینسانی تر، قەسابی دەکرێن و بەشێکی بەرینی دنیاش بۆتە مەڵبەندێکی نائارام و ناسەقامگیر و تەنانەت ناجیگیر... ستەمی سەر ژنان و هەڵاورادنیان، توندوتیژی و بیمافیان... هیشتا شەرماوەرترین دیاردەی دنیای دیموکراسی و سەرمایەدارییە... کاری منداڵان و هەڵوشینی شیلەی جەستەیان و کوشتنی خەونی رەنگالییان، لە مەیدانەکانی کاری سود پەرستیدا، ریسوایەکی تری سیستەمی گەنیوو گەندەڵی سەرمایەدارییە...

ئەم بەربەریەتەی سەرمایەداری... دنیای تەنیوەتەوە... لەو نێوەدا عێراق و کوردستانیش بەشیکە لەو جەهەنەمەی سەرمایەداری بۆ چینی کرێکارو خەڵکی ستەم دیدەو بێبەشی خوڵقاندووە.... لە عێراق کوردستاندا جگە لەجەنگ و کوشتار و هەڵاواردنی فەرمی لەژێر ناوی فیدرالیزمی قەومی و دینی تایفیدا، وەبەجیا لە چەوساندنەوەی چینایەتی و بێبەشی هەمەلایەنەی چینی کرێکار لەسەرەتایی ترین مافەکانی، هاوکات ناسنامەی چینایەتیشی، لە ژێر ناوی بەفەرمانبەرکردمدا لێسەندراوەتەوە، کە یاسای سەردەمی بەعسە...

لەکوردستاندا چینی کرێکار... وەکو بەشێک لەو چینە جیهانیەی دنیا... لەهەلومەرجی تەواو نائینسانی و نائەمن و نەخوازراودا راگیراوە.. چینی کریکاری... کوردستان جگە لە کرێی کەم و نائەمنی شوینی کارو و بیمافی و نەبوونی بیمەکان و سەختی کار... جگە لە بێکاری و فراوان و هەڵاوردان لە ژێر ناوی ژن و پیاو، کریکاری خۆیی و بیانی، کرێکارانی لەسەر کارو بێکار... تەنانەت بەشێکی بەرینی ئەو چینە لە کەرتی گشتی و حکومیدا!! ئەو موچەیەشی پێنادرێت کەبەشیکە لەمافی خۆی، بەڵکو لە ژێر ناوی پاشەکەوتی موچەدا، لێی دەدزرێت و لەلایەن کۆمپانیا سیاسی بازرگانی و حزبی و ناحزبیدا، حەپەلوش دەکرێت...

لەیەک رستەدا، قوربانیانی هەموو ئەو بەربەریەتەی سەرمایەداری، چینی کرێکار و خانەوادەکانیانە لەسەراسەری دنیادا... بێ گویدانە ناسنامەیی دەوڵەت و وڵاتی و بی گویدانە پێناسی قەوم و دین و رەنگی پیست و دوور و نزیکیان لەیەکتریەوە...

بۆیە یەکی ئایار... رۆژی نەفرەتی ئەو چینە سەراسەری و جیهانیەیە، کە کۆمەڵگە لەسەر شانی ئەو دەچەرخێت، بەدژی ئەو نیزامەی کە دنیای کردۆتە دۆزەخ بۆ چینی کرێکار... یەکی ئایاری هەموو ساڵێک رۆژی ناوتن و رەتکردنەوەی ستەم و بێمافی هەزار سەری سەرمایەدارییە لەلایەن چینی کرێکارەوە... رۆژی نەفرەت و تورەیی چینێکە، کە ئەگەر رێکخراو و یەکگرتوو بێت، ئەگەر دەست بداتە راگرتنی چەرخەکانی بەرهەم هینان... دنیای سەرەوخواری ئیستا، رادەگرێت و هەڵدەگێرێتەوە...

یەکی ئایار ئەگەر بۆ هەموو چینی کریکار... لەسەراسەری دنیادا هەڵگری پەیامێکی هاوبەشی جیهانی بێت دژی نیزامی سەرمایەداری... ئەوا تایبەتمەندی ستەمی تایبەتی هەو وڵات و دەوڵەت و جغرافیایەک، بەدژی ستەم و بێمافییە تایبەتیەکانی هەرکام لەو وڵات و دەوڵەتانە... بەشیکە لەهەمان پەیامی سەراسەری چینی کریکار بە رووی سەرمایەداریدا... چینی کرێکار لە کوردستاندا وەکو بەشیک لە ئۆردووە جیهانیەی چینی کرێکار... پێویستە لە یەکی ئایاردا، یەکگرتوانەو رێکخراو بێنە مەیدان... چەرخەکانی بەرهەم هێنان و سەرچاوەکانی کەڵەکەی داهات... لە شوێنی کاریاندا رابگرن... شوێنی کارو سەکۆ کۆبونەوەی ئاکسیۆنە ئایارییەکان بکەنە... شوینێک بۆ نیشاندانی توانایی خەباتکارانەو گۆرەپانێک بۆ بریاردان لەسەر ریکخراوبوون و پیک هێنانی رێکخراوەی سەربەخۆی خۆیان و بەیانی داواو داخوازییە رەواکانیان... لە زیادکردنی موچەوە، بەپێی بازار و دانی بیمەی بێمەی بێکاری شیاو بۆ بێکاران و هینانی یاسای کاری پێشرەوی کرێکاریی کە سەرجەم ماف و داخوازییەکانی چینی کرێکار... لەخۆ بگریت...

یەکی کرێکار... رۆژێکی تایبەتە کە دەتوانێت ئاست و توانایی چینی کریکار و ئاستی رێکخراوبوونی ئەو چینە نیشان بدات... یان بکاتە شوێنێک بۆ بریاردان و رێکخراوبوون و هینانە گۆری داواو داخوازییەکانیان...

رابەران و هەڵسوراوانی چەپ و کۆمۆنیستی چینی کریکار و ڕێکخراوەکانی ئەو چینە، پیویستە هاوکات لەگەڵ هاوچینەکانیان لە دنیادا، لە ئیستاوە خۆیان بۆ پێشوازی لەیەکی ئایار ئامادەبکەن و یەکی ئایار بکەنە رۆژێک بۆ رۆژی ناوتنی گشتی و ڕێکخراو و رۆژێک بۆهێنانە مەیدانی داخوازییە سەرەکی و مافە پایماڵکراوەکانیان...

**بژی یەکی ئایار... رۆژی نەفرەت و نارەزایەتی بەدژی نیزامی سەرمایەداری....**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net


هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

فەتاح خەتاب، حەسەن جودی، توانا حەمە نوری، شوان سدیق، ڕێبوار یاسین، وریای رەسام، سەلام سەعید، کاوان قادر، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، ئەلیف شەفیق بەندی عەلی...

## دۆسیەی ژمارە "پەیامی ئۆجەلان و ریکەوتنی جۆلانی و مەزڵوم عەبدی"؟

# خۆزگە جووتێ باڵم دەبوو



خۆزگە جووتێ باڵم دەبوو !

لێ، نە وەک چۆلەکەو کۆتر،

نە وەک واشەو داڵ و

هەڵۆش ..

بەڵکو وەکو هەورێک پەنگ

تا لەهەر کوێ ئاگری جەنگ،

جەنگی نێوان جووتێ

نەهەنگ

کەوتە گیانی مناڵەکان ..

بەخوڕ بگریم ..

ببمە تورەترین...باران !!

(مناڵەکان وردە ماسیین

بێبەرین لە نەسلی نەهەنگ ..


مناڵەکان ئاشتیخوازن

نەفرەت دەکەن لەبەرەی

جەنگ)

هۆنراوەی: بەندی علی

## بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای رەسام



## هونەر و ئەدەبی ڕاستەقینە دژی دۆخە باوە لە پێناو دنیایەکی باشتردا!

دوا وتە

# لەپێشوازی یەکی ئایاردا

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

یەکی ئایار رۆژی هاوپشتی و هاوچارەنووسی جیهانی چینی کرێکار، رۆژی نەفرەت لە نیزامی هارودڕندە و چاوچنۆکی سەرمایەداری.. بەڕیوەیە... رابەران و هەڵسوراوان و رێکخراو و یەکێتییە کریکارییەکان، حزبە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە تەواوی دنیادا لەپێشوازی ئایاردان... ئایاری ئەمساڵ لە هەلومەرجێکی زۆر تایبەتدا بەڕێوەدەچێت... لە هەلومەرجێکدا، کە سەرمایەداری نەک تەنها لەرێگای بەتاڵانبرنی هیزی کاری چینی کریکارەوە، نەک تەنها لە رێگای مژینی هیزو توانای ملیاردەها ئینسانەوە، بەڵکو هاوکات لە رێگای جەنگی راستەوخۆی و ناراستەوخۆ، لەرێگای دیموکراسی و دیکتاتۆرییەوە، بێ شەرمانە گۆی زەوی کردۆتە پارچەیەک لە جەنگ و نائارامی... و کردویەتی بە هەسارەیەکی ئاوس لە ململانێ و قوتبەکان و بلۆکەکان و دەوڵەتەکان. دنیای کردۆتە گۆرەپانی و دوبەرکی و کێبەرکێی قەومی و دینی و مەزهەبی و تایفی و رەگەزی... کردویەتی بە بازارێک کەبە جەنگ و بە ئاشتییە روکەشەکەیەوە، نەک تەنها خولیاو خەون و ئارەزووەکانی ئینسان، بەڵکو خودی ئینسانەکانەکانیش لە کورەیەکی گەرمی چاوچنۆکیدا دەکاتە قەرەبروت... ژینگەی زۆربەی ئینسانەکانی هەر پینج کیشوەکەی دنیای نەک هەرکردوە بە شوێنی رمبازێنی و جەنگ و کێبەرکێی چەکی وێرانکەر، بەڵکو خودی ژینگەشی کردوتە ژەهری، ژەهراوی کردنی ئینسانەکان و بونەوەرە هەناسەدەرەکان...

ئەمرۆ ئاماری قوربانیانی نائەمنی شوێنی کار، برسیان و بیکاران و بێسەر پەنایانی کرێکار، تا دەگاتە قوربانیانی جەنگ و بۆمبارانەکان... ئامارێکی ترسناکی بێوێنەن لە مێژووی تائیستای بەشەریدا... دنیا نوقمی سامانە، و ئۆردی بی داهات و سامانیش دنیای نوقمی خۆی کردووە... توانایی و داهینانی ئینسان، بە تیژرەویەکی سەرسورهێنەرەوە دەئاژوێت... کەچی بە هەمان تیژرەوی و خێرایەوە، بیکاری و گرانی و نابەرابەری، دەرواتە پیشەوە... زۆر لەسەروی چاوەروانی ئینسانەوە، خزمەتگوازری هەمەلایەنی تەندروستی و تەفیهی و پەروەردەیی بۆ هەموان ئیمگانی هەیە، کەچی نەک بەملیۆنان ئینسان ویڵی ئەو خزمەتگوازیانەن، بەڵکو بەشێکی زۆر لە خزمەتگوزارییەکانی رابردووش، کەمتر دەکرێنەوەو دەبنە قوربانی

بۆ لاپەڕە 12